# ڕۆڵی ئاكرێ له‌بزاڤی چه‌كداریی بارزان(1943ـ 1945)

**ID No. 683**

(PP 138 - 158)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.4.10

**دلاوه‌ر محمد سديق زيباری**

به‌شی مێژوو، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سه‌لاحه‌ددین-هه‌ولێر

dilawar.sadeeq@su.edu.krd

**وه‌گـــــــرتن : 2022/10/13**

**په‌سندكردن : 2022/12/07**

**بڵاوكردنه‌وه : 2023/09/27**

**پوخته**

قه‌زای ئاكرێ وه‌ك ناوچه‌یه‌كی گرینگ و ستراتیژی، له‌ مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گه‌لی كورد به‌رده‌وام له‌ خه‌باتدا بووه‌. قۆناغی (1943 ـ1945)یش یه‌كێكه‌ له‌و قۆناغه‌ گرینگانه‌ی كه‌ مێژووی ئاكرێ پێیدا تێپه‌ڕیوه‌، له‌م ماوه‌ مێژووییه‌دا ئاكرێ بووه‌ته‌ ناوه‌ندی ململانێ نێوان شۆرشگێران و حكومه‌تی عێراق، رۆڵێكی بنه‌ڕه‌تی بينيوه‌ له‌یه‌كلاكردنه‌وه‌ی ڕووداوه‌كانی ئه‌م قۆناغه‌.

ئه‌م توێژینه‌وه‌یه‌ تایبه‌تكراوه‌ به‌ ڕۆڵی ئاكرێ له‌بزاڤی چه‌كداری بارزان (1943ـ 1945)، توێژینه‌وه‌كه‌ له‌ ده‌روازه‌یه‌ك و دوو ته‌وه‌ری سه‌ره‌كی پێكهاتووه‌. ده‌روازه‌كه‌ بریتیه‌ له‌ خستنه‌ڕوویه‌كی خێرای شوێنی جوگرافی و ناوی ئاكرێ له‌قۆناغه‌ جیاوازه‌كانی مێژوو هه‌روه‌ها باسكردن له‌ ڕۆڵی ئاكرێ له‌ بزاڤی رزگاریخوازی گه‌لی كورد به‌ر له‌ بزاڤی چه‌كداری بارزان 1943. ته‌وه‌ری یه‌كه‌م ته‌رخانكراوه‌ بۆ باسكردن له‌ رۆڵی خه‌ڵكی ئاكرێ له‌ بزاڤی چه‌كداری بارزان(1943ـ 1945) تیایدا تیشك خراوه‌ته‌ سه‌ر به‌شداری خه‌ڵكی ئاكرێ له‌ ڕووی سه‌ربازیه‌وه‌، دابینكردنی خواردن و كه‌لوپه‌لی پێویست و كۆمه‌ككردنی بزاڤه‌كه‌، هه‌ڵوێستی ئه‌رێنی ونه‌رێنی سه‌رۆك هۆزه‌كانی ئاكرێ و دیارترین چالاكیه‌ له‌شكرییه‌كان دژبه‌ حكومه‌تی عیراق. ته‌وه‌ری دووه‌م ڕۆڵی ڕۆشنبیران و قوتابیانی ئاكرێ له‌خه‌باتی سیاسی و رێكخراوه‌یی له‌ماوه‌ی (1943ـ 1945) خراوه‌ته‌ به‌رباس، تیایدا ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی ئاكرێ له‌ وشیاركردنه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ر به‌ بیری نه‌ته‌وه‌یی كوردیی و خه‌باتی سیاسیی به‌ پشت به‌ستن به‌ سه‌رچاوه‌ی زانستی تیشكیان خراوه‌ته‌ سه‌ر، كه‌ رۆڵی به‌ر چاویان هه‌بووه‌.

**كلیلی ووشه‌كان**: ئاكرێ-زێبار- شۆڕشگێر- بارزانی-عه‌شیره‌ت-هێرش.

**1-پێشه‌كی:**

گرینگی توێژینه‌وه‌: توێژه‌ر له‌ پێناو ده‌رخستنی ڕۆڵی ئاكرێ له‌ بزاڤی چه‌كداری بارزان(1943ـ 1945)، به‌ پشت به‌ستن به‌ سه‌رچاوه‌ ڕه‌سه‌نه‌كان و به‌ڵگه‌نامه‌ مێژووییه‌كان ئه‌م توێژینه‌وه‌یه‌ی ئه‌نجامداوه‌.

ماوه‌ی توێژینه‌وه‌كه‌ له‌ ڕووی كاته‌وه‌: توێژینه‌وه‌كه‌ له‌ ساڵی1943 ده‌ستپێده‌كات و ئه‌مه‌ش به‌ سه‌ره‌تای قۆناغیكی گرینگ له‌ مێژووی ئاكرێ له‌ بزاڤی رزگاریخوازی گه‌لی كورد داده‌ندرێ كه‌ تیایدا جگه‌ له‌ خه‌باتی چه‌كداری، ئاكرێ ڕۆڵی گه‌وره‌ی بينيوه‌ له‌ خه‌باتی سیاسی و رێكخراوه‌یی. كۆتایی توێژینه‌وه‌كه‌ش به‌ ساڵی نسكۆی بزاڤی بارزان 1945و چوونی بارزانی بۆ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان دانراوه‌ .

له‌ڕووی سنووری جوگرافیه‌وه‌، توێژینه‌وه‌كه‌ ته‌نها تیشك ده‌خاته‌ سه‌ر ڕۆڵی ئاكرێ له‌بزاڤی بارزان، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا بۆ ده‌رخستنی ڕۆڵی ئاكرێ له‌و بزاڤه‌دا توێژه‌ر به‌ناچاریی پرژاوه‌ته‌ سه‌ر چۆنیه‌تی سه‌رهه‌ڵدانی خه‌باتی چه‌كداری و هه‌ڵوێستی حكومه‌تی عیراق به‌رامبه‌ر دۆزی كورد،به‌تایبه‌ت ئه‌و ڕووداوانه‌ی كه‌ ره‌نگدانه‌وه‌و كاریگه‌ری راسته‌وخۆی له‌ سه‌ر ئاكرێ و ده‌وروبه‌ری هه‌بووه‌.

له‌ڕووی ئامانج و مه‌به‌سته‌وه‌: ئامانج له‌م توێژینه‌وه‌یه‌ ده‌رخستنی ڕۆڵی سیاسی و چه‌كداری ئاكرێیه‌ له‌ مه‌یدانی خه‌بات و تێكۆشان له‌ بزاڤی بارزان و ره‌نگدانه‌وه‌ی له‌سه‌ر ره‌وتی ڕووداوه‌كانی ئه‌و ماوه‌ مێژووییه‌.

ئه‌وڕێبازه‌ی له‌م توێژینه‌وه‌یه‌ په‌یره‌وكراوه‌: بریتیه‌ له‌ خستنه‌ڕووی راستیه‌كان،توێژه‌ر به‌پێی ئه‌و زانیارییه‌ی به‌رده‌ست بووه‌ هه‌وڵیداوه‌ شیكاری پێگه‌ی ئاكرێ له‌نێو هه‌موو ئه‌و ڕووداوانه‌ بكات كه‌ توێژینه‌وه‌كه‌ له‌ خۆده‌گرێت، سه‌رنج و ره‌خنه‌ و بۆچونی خۆی به‌پێی پێویست خستۆته‌ ڕوو.

گرفتەکانی توێژینەوەکە: هەڵبەتە ئەم توێژینەوەیە وەك توێژینەوەیەکی زانستی لە کۆسپ و ئاستەنگ بە دەرنەبووە. ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە ئامادەکردنی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی توێژەر بۆتەوە هەمەجۆرن، لە سەرووی هەموویانەوە دەست نەگەیشتنی توێژەر بەهەندێك بەڵگەنامە و یاداشت و بڵاوکراوەی تایبەت بە پەیوەندی ڕاستەوخۆی سەرۆك هۆزەکان و پیاوانی ئاینی و فەرمانبەرانی شاری ئاکرێ بە بزاڤەکە بۆیە هەندێك لایەنی باسەکە بەناڕوونی ماوەتەوە. هەروەها گرفتێکی تر ئەودیدار و چاوپێکەوتنانەن  کە سەرچاوەی پێویستن بۆ دەوڵەمەندکردن و ووردکردنەوەی زانیاریەکان و دەرخستنی زانیاری نوێ، بەڵام بە بیانووی هەستیاری ژینگەی کۆمەڵایەتی ئاکرێ و بارودۆخی ئێستای کوردستان، بەشێك لەو کەسانە کەخۆیان لەنێو ڕووداوەکانی ئەوکاتە ژیاون و ڕۆڵیان لە ڕووداوەکاندا هەبووە دەرفەتیان بە توێژەر نەداوە چاوپێکەوتن لەگەڵیدا ئەنجام بدا ئەمەش هۆکاربووە توێژەر پشت بەگێرانەوەی کلاسیك و زانیاری بڵاوکراوە ببەستێت. ئەمانەو چەند گرفتێکی تر وای کردوە هەندێك لایەنی توێژینەوەکە شاراوە بێت و مۆرکی لاینگیری و گومانی لەسەر بمینێتەوە.

ناوەرۆك و پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و دوو تەوەر پێکدێت دەروازەکە پێکهاتووە لە خستنە ڕوویەکی خێرا سەبارەت بە شوێنی جوگرافیا و ناوی ئاکرێ، هەروها ڕۆلی ئاکرێ لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد بەر لە بزاڤی بارزان بەدیاریکراوی لەساڵی 1919 تاوەکو کۆتایی بزاڤی خەلیل خوشەوی لە ساڵی 1936 لە خۆدەگری .

تەوەری یەکەم: بەناونیشانی (پێگەی کۆمەڵانی خەڵکی ئاکرێ لە بزاڤی چەکداری بارزان1943-1945) تیایدا زانیاری لەبارەی بەشداری کۆمەڵانی خەڵکی ئاکرێ لەڕووی سەربازی و دابینکردنی کەلوپەل و خۆراك و کۆمەککردنی بزاڤەکە، هەڵوێستی ئەرێنی و نەرێنی سەرۆك هۆزەکانی ئاکرێ بەرامبەر بزاڤی بارزان و دیارترین چالاکیە لەشکرییەکان دژی حکومەتی عیراق خراوەتە بەر توێژینەوە .

تەوەری دووەم: بەناونیشانی (پێگەی ڕۆشنبیران و قوتابیانی ئاکرێ لە خەباتی سیاسی و رێکخراوەیی کوردی 1943ـ1945) لەم تەوەرە زانیاری لە بارەی رۆڵی ڕۆشنبیرانی ئاکرێ لە خەباتی سیاسی و رێکخراوەیی هەروەها زانیاری لە بارەی هەنگاوەکانی ڕۆشنبیرانی ئاکرێ لە بەشداری ریکخراوەیی و ئاشناکردنی جەماوەر بە بنەماکانی بزاڤی بارزان، ووشیاریی نەتەوەیی، دیارترین چالاکییە سیاسیەکان بە پشت بەستن بە زانیاری مێژوویی هەمەچەشن زانیاریەکان خراونەتە بەر باس و خوێندنەوە.

سەرچاوەکانی توێژینەوەکە: ئەوسەرچاوانەی لەئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە سوودی لێ بیندراوە جۆراوجۆرن، لەوانە بەزمانی عەرەبی و کوردی، بەزۆریش بریتین لە پەرتووکی بیرەوەری و یاداشت، سەرچاوەی زانکۆیی (نامە ماستەر و دکتۆرا)، رۆژنامە و گۆڤارەکان،  چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیە بە تەمەنەکان و هاوسەردەمانی مێژووەکە، ئەوانەی پەیوەندیان لەگەڵ ئەو بابەتە هەیە زانیاری دەگمەن و شاراوەیان لایە کە لە هیچ پەرتووکێکدا باس نەکراوە، هەموو سەرچاوەکانیش لە لیستی سەرچاوەکاندا خراونەتەڕوو. هەرچەند تەواوی سەرچاوەکان گرینگی خۆیان هەیە، بەڵام لێرەدا توێژەر هەوڵیداوە ئەو سەرچاوانەی زانیاری زۆری لێوەرگیراوە بخرێتەڕوو. ئەو سەرچاوانەی زانیاری گرینگی بەتوێژینەوەکە بەخشیوە بریتین لە: (شۆڕشەکەی عیراق)ی سیر ئارنۆڵد وڵسن ،(کێشەی ویلایەتی موسڵ)ی د. فاضل حسین ، ئەمانە بە زۆری لە بەشی دەروازە سوودیان لێ وەرگیراوە بە شێوەیەکی زانستی تا رادەیەك ڕۆڵی راستەقینەی ئاکرێیان لە بزاڤی رزگاریخوازی کورد شەن و کەو کردووە .هەروەها پەرتووکی(بارزانی و بزاڤی رزگاریخوازی کورد1931ـ 1958 بەرگی یەکەم)ی مەسعود بارزانی،(ئاکرێ درویەلێن و دیرۆکێ دا)ی حیکمەت مەلا یاسین،(شۆرشەکانی کورد و کۆماری عیراق)ی عەلائەدین سەجادی، (زێباری و دیرۆك)ی رەزا زێباری ،(عقره في عهد الملكي)ی جمبد شوکری ،(کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)ی عثمان عەلی، کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو1954)ی معروف جیاووك. مستەفا بارزانی و ڕۆل و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا(1958ـ1970)ی رەفیق مام خول، (چەند لێکۆڵینەوەێك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد بەرگی دووەم )ی د. عثمان عەلی. هەموو ئەمانە بەزۆری بۆ تەوەری یەکەم سوودی لی وەرگیراوە، لەبەرئەوەی نزیك بوون لە باسەکە و دەوڵەمەندن بە بەڵگەنامەی باوەڕ پێکراو هەروەها تا رادەیەکی باش رێ نیشاندەری توێژەر بوون لەکاتی گەڕان بەدوای زانیاری و سەرچاوەی تر. جگە لەمانە چەندین سەرچاوەی تر کە گشتیان بەهاو بایەخی خۆیان هەیە. بەشێکی تری سەرچاوەکان کە زانیاری گرنگیان تێدابوو دەربارەی تەوەری دووەمی توێژینەوەکە بریتین لە (بیری نەتەوەیی لەپەیرەو و ئامانجەکانی جەمعیەت و حیزبە کوردیەکان (1919_1945)ی عبدالخالید سابیر کەریم ، (حیزبی هیوا (الامل1939 _1946)ی هێلین محەمەد (الحياة الحزبية فى الموسڵ)ی د.عبدالفتاح على البۆتانى،( تاريخ الاحزاب السياسية العراق)ی عبد الرزاق الحسين، (الاحزاب المعارضة فى العراق السرية والعلنيه)ی عادل عمر فيصل. ئەمانە و چەندین رۆژنامەو گۆڤارو سەرچاوەی تری پەرتووك کە بۆ توێژینەوەکە بەنرخ بوون و زانیاری زانستیان بە توێژینەوەکە بەخشیووە و توێژەر کەڵکی زوری لێ وەرگرتووە .

لەکۆتا وتەدا: ماوەتەوە بڵێم پێویستە مرۆڤ ئەوە بزانێت هیچ کارێك لە کەم و کوری و هەڵە بەدەرنابێ، بەڵام مرۆڤ ئەو کاتە ئاسوودە دەبێت کە ئەم کارەی دەستی دەداتێ هەوڵی بۆی بدات نەك تەنها لەپێناو ڕایی کردنی بێت. دیارە ئەم توێژینەوەیەش هەوڵی مرۆڤە، مرۆڤەکانیش لە کەم و کورتی و هەڵە بەدەرنین، ئەگەر لە شوێنێك کەوتبمە هەڵە لە کەم توانایی خۆمەوە بووە ، داوای بەخشین دەکەم، هیوادارم ئەو توێژینەوەیە بەرچاو ڕوونیەك لەمێژووی ڕۆڵی ئاکرێ لە بزاڤی چەکداری بارزان (1943_1945) بخاتە کتێبخانەی کوردییەوە.

**2-دەروازە:**

**1-2:شوێنی جوگرافیای ئاکرێ:**

شارۆچکەی ئاکرێ لە ڕووی جوگرافییەوە پێگەیەکی گرینگ و ستراتیژی هەیە (سیدو 1939، ل183)لەسەر ئاستی عیراق و باشوری کوردستان، خاڵی بەیەکەوە بەستنی بادینان و سۆرانە، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاتی موسڵ ، بە دووری 94کم، لە باکوری ڕۆژئاوا قەزای ئامێدییە، لە باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای حەمدانیەی سەر بە موسڵ، لە بەرەی ڕۆژهەلات و باکور هاوسنورە لەگەڵ زێی گەورە (علی و رەمەزان 2012، ل3). ئاکرێ دەکەوێتە نێوان هێلی درێژی (29،49 و 5،43) لە ڕۆژهەلات، هێلی پانی (2،37 و 36،36) لە باکور (باقر و فؤاد 1966، ص5)، لەسەر ئاستی دەریا 400 هەزار پێ بەرزە (مستەفا 1961، ل5). شارۆچکەی ئاکرێ بە زنجیرە چیایەك دەورە دراوە کە لە گوندی باکورمان و گەڵی ئیسماوە درێژدەبێتەوە تاوەکو گەڵی زنتا لە ڕۆژهەلاتی شارەکە کۆتایی دێت (عبدوڵا 1995، ل66)، سروشتی ناوچەکە 30% شاخاوی، نزیکەی 50% دەشتایی لەخۆ دەگرێت (گۆران 2004، ل53)، خاوەنی کەش و هەوایەکی سازگارە، لە زستان بەفرو بارانی لێ دەبارێت، لە هاوین کەش و هەوایەکی مام ناوەندی هەیە، تا ڕاددەیەك پلەی گەرما بەرز دەبێت (گۆران 2004، ل54)، لەم ڕووکارەوە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی لەسەر ئاستی عیراق ناوچەیەکی جیاوازو جیاکەرەوەیە (جرجیس 1975، ص144).

**2-2: ناوی ئاکرێ لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو:**

ناوی ئاکرێ لەلایەن گەڕیدە و مێژوونووسانەوە بە شێوازی جۆراوجۆر تۆمارکراوە، چەند گۆڕانکارییەکی بەسەرداهاتووە تا بەم شێوەیە گەییشتووە. ئاکرێ ئەو ناوەیە خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بەکاری دەهێنن، ووشەکەش لە (ئاگر – النار)ـەوە وەرگیراوە کە بەواتای خۆشەویستی و بێگەردی و بەرەکەت دەگەیێنێ (ڕۆژبەیانی 1995، ل12)بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان لە پێش زاییندا جێگرێکی (زەردەشت)[1] هاتووەتە ئەو شارە ئاگری کردۆتەوە دواتر ئاگرەکەی پەرستووە، دوای تێپەڕبوونی کات ناوی ئاگر گۆڕاوە و بووە بە ئاکرێ (صابر 2005، ل20).لە ڕاستیدا ناوی ئاکرێ مێژوویەکی کۆنی چەندان ساڵ پێش زایینی هەیە، بە شێوازی جیاواز لە لاپەڕەکانی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو تۆمارکراوە (ئاکرە یی 2012، ل16) (ئاگر – نار) وەك سەرچاوەکان باس دەکەن کۆنترین ناوە بۆ پێش زاینی دەگەڕێتەوە، کلدان و ئارامیەکان بە (العقر – عقرة) ناوییان هێناوە، هەروەها یاقوت حەمەوی لە کتیبەکەیدا (معجم البلدان) ناوی ئاکرێ بە (عقرة الحميدي) (المايي 2011، ص56) ناودەبات و دەڵێت "دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی موسڵەوە، لەنێوان دوو چیادا،خەڵکی ناوچەکە کوردن" (الحموی 1995، ص136)، لەلای پسپۆڕانی مێژووی ئیسلام ناوی ئاکرێ بە (عقر) تۆمارکراوە کە بە مانای شوێنێکی کوێر لە نێو بەرزاییەکان دێت (بابان 1976، ل262).هەروەها لەسەردەمی عوسمانیەکان (1299 – 1923ز) بە ئاکرێیان ووتووە کوچك ئەستەمبول (ئـاکرەیی 1999، ل19) ئەمە بە ئەستەمبولی پایتەختی خۆیان وەسفی کردووە، بە هۆی بوونی ناوچەیەکی پڕ پیت و بەرەکەت و سەرچاوەی ئاو و ڕووبار (بابان 1976، ل208)، بوونی بەڕووبومێکی زۆری کشتوکال هاوشێوەی شاری ئەستەمبول (باقر و فؤاد 1966، ص43)، هەروەها لە سەردەمی مێژووی نوێی کورد، بەتایبەت لە دوای ڕووخانی میرنشینی بادینان لە ساڵی 1842ز لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی، ناوچەی ئاکرێ بە سەنجەقی موسڵەوە بەسترایەوە و بە (مروج الوصل) ناوی بردرا (بابان 1976، ل208) کە بە واتای شوێنی سەوزایی دێت (ئاکرە یی 2012، ل18-19)، سەرەڕای بوونی ڕای جیاواز ڕای پێشەنگ لە جێگیربوونی ناوی ئاکرێ لە "ئاگر"وە سەرچاوەی گرتووە وەك پێشتر ئاماژە پێکراوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە.

**3-2:کورتەیەك لە ڕۆڵی ئاکرێ لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە) 1919 – 1943.**

پاش جەنگی یەکەمی جیهان (1914 – 1918) باشوری کوردستان بەتایبەت و پارچەکانی تربە شێوەیەکی گشتی، هەنگاوی فراوانیان لە ڕووی بزاڤی چەکداری و سیاسی هاوێشت ، لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی شۆڕشگێڕی کردەوە (پورزویی 2005، ل153)، پاش ئەوەی سوپای بریتانیا لە ئاداری 1917 پێی نایە بەغدا (صالح 1953، ل12)، لە مانگی ئایاری 1918، کەرکوك و چەند ناوچەیەك لە باشوری کوردستان کەوتنە ژێر قەڵەمڕەوی ئەو وڵاتە، دەسەلاتی عوسمانی تیایدا دەرپەڕاند (تریپ 2010، ل37).لە ئەنجامی

هەڵوێستی ناهەمواری کاربەدەستانی بریتانیا لە سلێمانی و (سێر ئارنولد وڵسن (1884 – 1940)[2]حاکمی گشتی بریتانیا لە عیراق (نوری 1997، ل6)، لە ڕۆژی 20 – 21ی مارسی 1919 شێخ مەحمودی حەفید فەرمانی دەستگیرکردنی کاربەدەستانی بریتانیای لە سلیمانی دەرکرد (البیاتی 2010، ص248)، لە ئەنجامی ئەمە ڕەوشەکە بەرەو پێکدادان هەنگاوی نا، لە19ی حوزەیرانی 1919 لەسەر ڕێگای کەرکوك – سلیمانی لە ناوچەی دەربەندی بازیان زنجیرە پێکدادانێك ڕوویدا، لە ئەنجام شێخ مەحمود بە برینداری بە دیل گیرا، ناوچەکە کەوتە بەر ئاگری سوپای بریتانیا، ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایی خەڵکی ناوچەکەو بزاڤی شۆڕشگێڕی لە دژی بریتانیا لێکەوتەوە (مەدەنی 2009، ل333). لە ماوەی (1918– 1919)، بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد زۆر بە خێرایی چووە پێشەوە، هاوسەردەمی بەرخودانی سلێمانی، گیانی شۆڕشگێڕی ناوچەکانی بادینان و ئاکرێ و دەوروبەری گرتەوە (محمد و البوتانی 2008، ص13). پاش دەست بەسەرداگرتنی موسڵ  لە 20ی تشرینی یەکەمی 1918 (باوەر 2014، 38)، لە ڕێکەوتی 8ی ئاداری 1919 بریتانیا ناوچەکانی بادینانیشی داگیرکرد، دۆخی ناوچەکە گرژی و ئاڵۆزی تێکەوت، ڕۆژ دوای ڕۆژ خەڵکی بادینان ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و خۆسەپاندنی بریتانیا دەبوونەوە، لە بەرامبەردا خەڵکی بادینان دەستە وەستان نەبوون (یاسین 2014، ل8)، لە ڕۆژی 4ی نیسانی 1919 خەڵکی زاخۆ بەڕابەرایەتی سەرۆك (عەشیرەتی گۆیان)[3] ، دەستیان بە بزاڤی چەکداری کرد (العمری 1925، ل113)، هاوکات فراوانبوونی بزاڤەکە گەییشتە ئامێدی و دەڤەری بەرواری باڵا و ئاکرێ، شۆڕشگێڕان هێرشیان بردە سەر دەزگا و ناوەندەکانی بریتانیا (الغلامی 1966، ل34)، (فارس ئاغای زێباری)[4] سەرکردایەتی بزاڤی ئاکرێ خستبووە ئەستۆی خۆی، شێلگرانە دژی داگیرکاری بریتانیا وەستانەوە (ڕێکانی 2019، ل25).

بزاڤی ئاکرێ لەکاتێکدا تەقیەوە کە لە بەرواری 3ی تشرینی دووەمی 1919، هەریەکە لە کوڵۆنێل بێڵ حاکمی سیاسی و سەربازی بریتانیا لە موسڵ و کاپتن سکوتی جێگرەکەی لە ئاکرێ (یاسین 2014، ل8)، بە مەبەستی دامەزراندنی سەربازگە لە دەڤەری زێبار و چەسپاندنی باج بەسەر سەرۆك هۆزەکانی زێبارو دەوروبەر، گەشتێکیان بە ناوچەکانی سورچی لە ڕۆژهەلاتی ئاکرێ و دەڤەری زێبار لە باکوری شارەکە کرد،دواتر چوونە (گوندی بارزان) [5]، دوای هەڕەشەکردن لە سەرۆك هۆزەکان و بە سەربازگەکردنی ناوچەکە، سەرۆك هۆزەکانی زێبار و سورچی بڕیاریاندا بوسەیەك بۆ کوڵۆنێل بێڵ و کاپتن سکوت دانێنەوە لەکاتی گەڕانەوەیان لە بارزان، لە نزیك (گوندی بیرەکەپرا)[6] (بارزانی 2012، ل25)لەبناری کێوی پیرس لەسەر کەناری زێی گەورە بەرامبەر گوندی بارزان، کە ئەوکات مەڵبەندی بابەکر زێباری بوو (قادر 2015، ل430)، وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە لە کاتی چوونیان بۆ بارزان، شێخ ئەحمەد بارزانی (1896 – 1969) شێخی بارزان ڕەتی کردەوە پێشوازیان لێبکات، دوای ئەمە ئاغاکانی زێبار لەگەڵ شێخ ئەحمەد ڕێکەوتن کە کولونێل بیل و ئەوانەی لەگەڵیدابوون بکوژن (الغلامی 1966، ص81، المتولی 2001، ص215)، لە 12ی تشرینی دووەمی 1919، دوای گەڕانەوەیان لە بارزان، بە سەرپەرشتی فارس ئاغا، بە پاڵپشتی ژمارەیەک چەکدار لە هۆزی بارزان، لە نزیك گوندی بیرەکەپرا لە بۆسەیەکدا هەردووکیان (کاپتن سکوت و کاپتن بیل) و ژمارەیەك لە پاسەوانەکانیان کوژران (وڵسن 2010، ل224)، پاش شکاندنی بێدەنگی و هەڵکشانی گیانی بەرهەڵستکاری زیاتر بوونی لایەنگیرانی بزاڤەکە، هەریەکە لە فارس ئاغا زێبار، شێخ ئەحمەد بارزانی  و (شێخ ڕەقیب سورچی)[7]، دوای ئەنجامدانی کۆبونەوەیەك، لە چوارچێوەی پلانێکی تۆکمەی سەربازی، بڕیاریاندا لە چەند قۆڵێکەوە هێرش بکەنە سەر سەنتەری ئاکرێ بۆ دەرپەڕاندنی دەسەڵاتی بریتانیا (یاسین 2014، ل8)، لە ڕۆژی 14ی تشرینی دووەمی 1919 لە دوو قۆڵەوە هێرشیان دەست پێکرد، لەبەرەی زێبار- بارزان بە بەشداری 100 چەکداری زێبار و 30 چەکداری بارزان، لە قۆڵەکەی تر لە بەرەی ڕۆژهەلاتی ئاکرێ و دەڤەری سورچیەکان بەڕابەرایەتی (شێخ ڕەقیب) هەڵیان کوتایە سەر دامر و دەزگاکانی بریتانیا (یاسین 2014، ل13)، لە ماوەیەکی کەمر توانیان تەواوی دامر و دەزگا و ناوەندەکانی بریتانیا و بە گەنجینەی ئاکرێشەوە لە چنگ هێزی بریتانیا ڕزگاربکەن، دەسەلاتی بریتانیایان تێدا دەرپەڕاند (بارزانی 2012، ل25). ئەمر ڕووداوانە نەك لە ناوچەکە دەنگۆی دایەوە، بەڵکو بووە جێی سەرنج ڕاکێشانی ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی عیراقی و بریتانی، دەنگدانەوەی گەورەی لێکەوتەوە لە مەیدانی میدیایی بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی (العرب) و (العراق) کە ئەوکات بە زمانی ئینگلیزی لە بەغدا دەردەچوون، هەروەها ڕۆژنامەی (الموصل) لە شاری موسڵ دەردەچوو، بە دەیان بابەت لەسەر پێگەی ئاکرێ، کوشتنی حاکمی سیاسی موسڵ و جێگرەکەی بە دەستی عەشیرەتی زێبار، کشانەوەی بریتانیا لە ئاکرێ و چەندان بابەتی تر، بڵاوکرایەوە (الحسینی،السیدعبدالرزاق 1935، ص44)، کاربەدەستانی بریتانیا مەترسیان لە تەشەسەندنی  بزاڤەکە هەبووە، لە ڕێکەوتی 27ی تشرینی دووەمی 1919، هێزێکی سەربازی گەورەیان بە سەرکردایەتی (کابتن نولدەر) لە موسڵەوە ڕەوانەی ناوچەی ئاکرێ کرد و دووبارە ناوچەکەیان خستەوە ژێر قەلەمڕەوی خۆیان (کمال 1978، ل90)، پاش گەڕانەوەی دەسەلاتی بریتانیا بۆ ناوچەکەو دانانی بنکەی سەربازی، ژمارەیەك هەڵسوڕاوانی ڕاپەڕینەکە لە نێویاندا فارس ئاغا و (مەحمود ئاغا زێبار) [8] بڕیاریاندا درێژە بەخەباتی چەکداری بدەن، لە

کۆتایی ساڵی 1919 ڕوویان کردە ڕۆژهەلاتی کوردستان (صابـر 1999، ل124)، لە ژێر هێزێکی چەکدار لەژێر ناوی هێزی زێبار، شان بەشانی سمکۆی شکاك (1895 – 1930) (زیـباری 2012، ل23-24)، کە ئەو کات لەروژهەلاتی کوردستان لە خەبات دابوو دژ بە حکومەتی ئێران، وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە هێزەکەی زێبار لە چەند شەڕێکی دژ بە سوپای ئێران ڕۆلێکی گرینگیان گێراوە، لە یەکێك لە شەڕەکان فەرماندەیەکی سوپای ئێران بەناوی (کازو) کوژراوە، (زیـباری 2012، ل24)، ئەمەش دەرخەری گرینگی و پێگەی ئاکرێیە لە بزاڤی نەتەوەیی کورد نەك لە باشور بەڵکو لە ناوچەکانی تری کوردستان .

شاری ئاکرێ لە ماوەی (1920–1932)،هاوشێوەی شارەکانی تری کوردستان لەژێر چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەگوزەراند، بە بڕوای حکومەتی عیراق و کاربەدەستانی بریتانیا بەسەرکوتکردنی بزاڤی ئاکرێ و باشوری کوردستان لەماوەی (1919 – 1920) چیتر کوردەکان ناتوانن ڕاپەڕین ئەنجام بدەن، بەڵام لەم بۆچوونەیاندا کەوتنە هەڵەوە، بیری نەتەوەیی و گیانی بەرهەڵستکاری لەنێو کومەلانی خەڵکی باشوری کوردستان بەرەو پێشەوە چوو، چەندان ڕاپەڕینی تر دژ بە نادادی ئەنجامدران ، لەوانە ڕاپەڕینی دووەم و سێیەمی شێخ مەحمود (1922 – 1924 و 1931)، ڕاپەڕینی بارزان (1931 – 1932)، جیاواز لە پێشوو هەموو ئەم ڕاپەڕینانە مۆرکێکی زیاتری نەتەوایەتی کوردی لەخۆ گرتبوو (زیـباری 2012، ل24)، لەم قۆناغەداو بەتایبەت ڕاپەڕینی بارزان (1931 – 1932)، خەڵکی ئاکرێ دەستە وەستان نەبوون لەبەردەم سیاسەتی داگیرکاری حکومەتی عیراق و بریتانیا، لەکاتێکدا حکومەتی عیراق لە ناوەڕاستی 1930 هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ ئەوەی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت، چەند بنکەیەکی پۆلیس لە بارزان و بیرەکەپرا لە دەڤەری زێبار دابمەزرێنێت (کریـم 2013، ل456)، لە لایەکی تریش حکومەتی بریتانیا هەوڵی دەدا ئاشورییەکان لە دەڤەری بارزان نیشتەجێ بکات بەبیانوی ئەوەی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا هاوکاری بریتانیەکان بوون، ( (هەروتی 2006، ل122)، لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا ناکۆکیەکی توند دەکەوێتە نێوان شێخ ئەحمەد بارزانی و حکومەتی عیراق و بریتانیا، دواجار چەند ڕووبەڕووبونەوەیەکی چەکداری لە نێوانیان سەری هەڵدا (البوتانی 2000، ص40). لە سەرەتای تشرینی دووەمی 1931 لە شاری ئاکرێ بە ئامادەبوونی مستەفا بارزانی وەك نوێنەری شێخ ئەحمەد بارزانی کە ئەو کات تەمەنی 27 ساڵ بوو، بۆ یەکەم جار وەك سەرکردەیەکی سیاسی دەرکەوت، بە ئاگاداری حکومەت هەریەکە لە موتەسەڕیفی موسڵ و هەولێر و قائمقامی ڕواندوز و زێبار، بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخ و گەییشتن بە ڕێککەوتن، کۆبوونەوەیەکیان سازدا (بەرزنجی 2001، ل93)، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لێنەکەوتەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا شێخ ئەحمەد بارزانی (المتولی 2001، ص217)، بە هەماهەنگی عەشیرەتی زێبار و هۆزەکانی دەوروبەر، بزاڤی چەکداری و دژ بە حکومەتی عیراق بەرپاکرد (نوری 1997، ل3)، لە کۆتایی تشرینی دووەمی 1931 حکومەتی عیراق لە بەیاننامەیەکدا شێخ ئەحمەد بارزانی بە یاخیبوو لە قەلەمدا، بە تێکدانی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە تۆمەتباری کرد (کریـم 2013، ل495)، لەسەرەتای کانوونی دووەمی 1931 سوپای عیراق بەسەرکردایەتی برقی سدقی برای )بەکر سدقی 1886 – 1936)[9] هێرشی کردە سەر بارزان (عبدالرزاق 1982، ص183) ،لە 9ی کانوونی دووەمی 1931، گەمارۆی خستە سەر گوندی بارزان ، لەبەرامبەردا شۆڕشگێڕان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی گورزێکی کوشندەیان لە سوپای عیراق دا، نزیکەی 126 کەس لە سوپای عیراق کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار‌بوون، لەم ڕووبەڕووبونەوەیە( 5 )شۆڕشگێڕ گیانیان سپارد (پاشا 2007، ل85)، ڕووبەڕووبونەوەکان توندتر بوون، لە ئاداری 1932 شێخ ئەحمەد بارزانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی دابەشی سێ بەش کرد، نزیکەی 500 چەکدار (نوری 1997، ل3) لە بەرەی ئاکرێ – بارزان جێگیرکران و سەرکردایەتی ئەم هێزەی خستە ئەستۆی خۆی (نەجاتی 2010، ل51).لە 12 ئاداری 1932 لەژێر ناوی )هێزی دادی( سوپای عیراق بەسەرکردایەتی (زەعیم خەلیل زەکی) لەبەرەی ڕواندوز بەرەو بارزان هەنگاوی نا، هاوکات هێزە شۆڕشگێڕەکان گورزێکی توندیان لە بارەگای قائمقامی زێبار دا،هەشت پۆلیس و ناوچەداری زێبار دەست بەسەرکران (نوری 1997، ل3).سوپای عیراق لە ڕێکەوتی 18ی 1932 هێرشی بردە سەر مێرگەسۆر، لە گوندی (گۆرکی) ڕووبەڕووبونەوەیەکی قورس ڕوویدا، شۆڕشگێڕان بە سەرکردایەتی (ئەحمەدنادر) بۆ ماوەیەکی کاتی هێرشەکانی سوپای عیراق شکاند (بارزانی 2012، ل27)، لە لایەکی ترەوە لە کۆتایی ئاداری 1932، حکومەتی عیراق دەیویست لەبەرەی ئاکرێ بپەڕنەوە بۆ دینارتە لەوێوە بۆ بارزان (بارزانی 2012، ل40)، هێزە شۆڕشگێڕەکان بەسەرپەرشتی شێخ ئەحمەد، لە 29ی ئاداری 1932 لە بەرەی ئاکرێ هێزێك جێگیرکرابوو وەك پلانێکی پێشوەختە بۆ خۆئامادەکردن دژی هەڕەشەکانی سوپای عیراق (نەجاتی 2010، ل51)، بە گوێرەی سەرچاوەکان ئەو هەماهەنگییەی نێوان شاری ئاکرێ و بارزان سوپای عێراق شەپرزەکردبوو، لە ڕۆژانی 12 تاوەکو 16ی نیسانی 1932 لە ناوچەکانی دەوروبەری ئاکرێ، شەڕێکی گەورە لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕان و سوپای عیراق ڕوویدا، لە ئەنجام 70 کەس لە سوپای عیراق کوژران کە زۆربەیان پلەدار بوون و لەگەڵ بریندار‌بوونی 50 کەسی تر، هەروەها لەم شەڕەدا دەسکەوتی شۆڕشگێڕان بریتی بوو لە بڕێکی زۆری چەك و تەقەمەنی کە نزیکەی 50 باری هێستر بوو. بە درێژایی بەهاری 1932،

ئاکرێ زنجیرە شەڕو پێکدادانێك بەخۆیەوە بینی و تا دەهات دۆخەکە بەرەو توندتر دەچوو ،لە حوزەیرانی 1932 سوپای عیراق بە پاڵپشتی بریتانیا بە چەکی قورس و فڕۆکە، لە هەر دووبەرەی ئاکرێ - بارزان وبەرەی ڕۆژئاوا (ئامێدی-بالندە)، هێرشی کردە سەر پێگەکانی شۆڕشگێڕان (بارزانی 2012، ل39) ،دوای شەڕێکی قورس، کوژرانی 253 کەس لە هێزەکانی سوپای عیراق، گیان لەدەستدانی 12 شۆڕشگێڕ و برینداربوونی 34 کەسی تر (العقیلی 1956، ص76)، لە ئەنجامدا شێخ ئەحمەد بارزانی و نزیکەی 250 چەکدار، لەژێر کاریگەری توندی سوپا ناچارکران پەنا ببەنە بەر چیاکان، دواتر خۆیان ڕادەستی تورکیا کرد (بارزانی 2012، ل48). بەم جۆرە جموجۆڵی یەکەمی بارزان کۆتایی هات، بەڵام بە ماوەیەکی کورت دوای دامرکاندنی ئەم بزاڤە، بزاڤێکی تر لە ناوچەی بارزان بە سەرکردایەتی خەلیل خۆشەوی سەرۆك عەشیرەتی مزووری، کە پێشتر فەرماندەی بەرەی ئاکرێ بوو، بە بەشداری 200 – 300 چەکدار دەستی پێکرد (بیلال 1996، ل3)، لەو دەمانەدا حکومەتی عیراق جگە لە سەپاندنی حکمی عورفی و چۆلکردنی دێهاتەکانی دەوروبەری بارزان، سیاسەتی برسیکردنی گرتەبەر، لە گەڵ چاودێرییەکی توند تا وەکو گرتی ئەمە بکەن هیچ شتێك وەك خۆراك و کەل و پەلی ڕۆژانە، بە نهێنییەوە بۆ شۆڕشگێڕان نەنێرن (کریم 2013، ل500)، بە گوێرەی هەندێك لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی عیراق ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی ئاکرێ ڕۆلێکی گەورەی نواند لە گەیاندنی کەل و پەلی خۆراك و داو و دەرمان بە دەستی شۆڕشگێڕان ، بەڵگەی ئەم ڕاستیە حکومەتی عیراق بازرگانێکی مەسیحی خەڵکی ئاکرێ بە ناوی (عیسا چیچۆ)بە تۆمەتی ناردنی کەل وپەلی خۆراك بۆ شۆڕشگێڕان دەستگیر کرد، بۆ ماوەی 7 ساڵ لە باشوری عیراق زیندانی کرد، هاوکات کەسێکی تر بەناوی (محمەد چیچۆ ئاکرەیی) بە هەمان تۆمەت لە ناو سەنتەری شاری ئاکرێ لە سێدارە درا (شکری 2008، ص221).

بزاڤی خەلیل خۆشەوی لە ماوەی (1935 – 1936) درێژەی کێشا، لە ئاداری 1936 حکومەتی عیراق بە هاوکاری هێزەکانی تورکیا پلانیان داڕێشت بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی شۆڕشگێڕان ، کە ئەوکات لە چیای گۆڤەند لە باکوری کوردستان خۆیان حەشاردابوو، دوای دیاریکردنی بنکەو مۆڵگەکانیان، لە ڕۆژی 8ی ئاداری 1936 پەلاماریاندان، سەرئەنجام 13 کەس لە شۆڕشگێڕان کوژران، پەلامارەکانی حکومەت درێژەی هەبوو تاوەکو 13ی ئاداری هەمان ساڵ، لەم ڕۆژەدا خەلیل خۆشەوی و ژمارەیەك شۆڕشگێڕی تر کوژران، بە کوشتنیان بە کردەوە بزاڤەکە کۆتایی هات (نوری 1997، ل3).

لەم پانۆڕامایەی بزاڤی گەڵی کورد لە ماوەی (1919 – 1936) شاری ئاکرێ لە ڕووی مرۆیی و ماددییەوە پشتیوانی ڕاستەقینەی خەباتی کوردایەتی بوون، جگە لەوەی کە ژمارەیەك کەسانی لادەر پاڵیان دابووە حکومەت و دوژمن، لە گشت بزاڤ و چالاکییەکانی ئەم ماوە مێژووییەدا ڕۆلێکی گرینگیان نواندوە و لەم پێناوە قوربانیەکی زۆریان بەخشیووە .

**3: پێگەی کۆمەڵانی خەڵکی ئاکرێ لە بزاڤی چەکداری بارزان) 1943-1945.**

لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهان (1939-1945) لە باشوری کوردستان بزاڤێکی گرینگ ڕوویدا کە درێژکراوەی بزاڤەکانی پێشووەو هەمان هۆکارو پاڵنەر کاریان تێکردووە، ئەویش بزاڤی ساڵی (1943)یە بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی دژی حکومەتی عێراق (هەروتی 2006، ل112)،ئەم بزاڤە بەخاڵێکی وەچەرخان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەڵی کوردی دادەنرێت.

ئەوەی گەرەکە لێرە بخرێتە بەرباس ڕۆل و پێگەی خەڵکی ئاکرێ یە لەم بزاڤە چەکدارییە. سەبارەت بە ئاکرێ لەم ڕووداوە مێژووییە بۆ پێش دەستپێکردنی خەباتی چەکداری ڕۆڵ دەنوێنێت، بەتایبەتی لەکاتی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە تەموزی 1943 لە سلێمانی، دواتر لە ڕێی پێنجوێن و کوردستانی ڕۆژهەلات (نوری 1997، ل5)بە یاوەری دوو کەسایەتی بەنێوی سلێمان موسا و موسا عەبدوڵا کە هەردووکیان خەڵکی ئاکرێ بوون خۆی گەیاندەوە بارزان (شکری 2008، ص221)، لە سەروبەندی گەڕانەوەی بارزانی خەڵکی ئاکرێ و ناوچەکانی دەوروبەری هاوشێوەی بەشێك لە خەڵکی شارو دێهاتەکانی تری کوردستان بە مەبەستی دووپاتکردنەوەی یارمەتی و پشتیوانی پێشوازی و بەخێرهاتنەوەی بارزانی، خۆیان گەیاندبووە گوندی بارزان، لە دوای ماوەیەك لە گەڕانەوە، بارزانی نامەیەکی بۆ حکومەتی عیراق شاند و تیادا نوسرابوو "ئەو یاخی نەبووە و گوێڕایەلی حکومەتە لەسەر بنەمای دانانن بە مافەکانی گەڵی کورد، خۆی ئامادەیە فەرمانەکانی حکومەت جێ بەجێ بکات" (نوری 1997، ل3)، دوای دوو مانگ لە چاوەڕوانی وەڵامی حکومەت بە ئومێدی چارەسەرکردنی پرسی کورد،دلنیا بوونی لە گوێ نەدانی حکومەت لە تەقەڵا ئاشتیەکانی، لە یازدەی هەمان مانگ بارزانی بڕیاری دەست پێکردنی خەباتی چەکداری دەدا، هەر وەك مەسعود بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژە پێکردووە "کاتێ بارزانی دلنیا بوو حکومەت گوێ نادات داخوازییەکانی بە ڕێگای ئاشتیانە، بڕیاریدا لە پۆلیسخانەکانی ناوچەکە بدات"، هاوکات بارزانی هێزەکانی بەڕادەیەك ساز و ئامادەکرابوو، بە جۆرێك دابەشی چەند بەش کران لەسەر بنەمای مەفرەزەی بچووک کە هەر یەکەیان لە 15 – 20 چەکدار پێکهاتبوون لە ژێر فەرماندەی ( محەمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، ساڵح کانیە لنجی)،هاوکات (ڕەشو خاڵ هەمزە) ڕاسپارد وەك بەرپرسی کارگێڕی، پاش ئەوەی بارزانی لە چۆنیەتی دۆخەکە دڵنیا بوو، لە ڕۆژی 2

ی تشرینی یەکەمی 1943 بە ڕاسپاردەی محەمەد ئەمین میرخان ، مامەند مەسیح و عەزیز ئاغا زراری، بە پێی نەخشەیەکی وورد، شۆڕشگێڕان هێرشیان بردە سەر پۆلیسخانەی شانەدەر، بەبێ ڕووبەڕووبونەوە گشت پۆلیسەکان خۆیان بەدەستەوە دا و پۆلیسخانەکە کەوتە دەستی شۆڕشگێڕان، بە گرتنی پۆلیسخانەی شانەدەر، بزاڤی سێیەمی بارزان دەستی پێکرد و تا وەکو تشرینی یەکەمی 1945 درێژەی کێشا. (بارزانی 2012، ل108).هێزە شۆڕشگێڕەکان لە هەولی بەردەوامر دابوون بۆ نەهێشتنی دەسەلاتی حکومەت، لە ڕۆژی 12 تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، هێرشیان کردە سەر پۆلیسخانەی خیرەزووك، دوای شەرێکی قورس، نزیکەی 100 کەس لە هێزەکان پۆلیس کوژران، لە گەڵ بەدیلگرتنی ژمارەیەکی تر (سەرنی 2012، ل174)، لە هێزە شۆڕشگێڕەکانیش ئەحمەد ئەفەندی کە خەڵکی ئاکرێ بوو، پێشتر فەرمانبەری حکومەت بوو، لەسەرەتای دەستپێکردنی بزاڤ خۆی لە ڕێزی شۆڕشگیران ڕێکخستبوو، کوژرا. شەڕو پێکدادان درێژەی کێشا، جگە لە پۆلیسخانەی (مێرگەسۆر – بارزان – بلێ)، تەواوی پۆلیسخانەکانی تر وەك ڕێزان ، سێڵکێ و هەروەها بیرەکەپرا لە دەڤەری ئاکرێ ...هتد، کەوتنە دەستی شۆڕشگێران، لە ئەنجامی ئەمر سەرکەوتنانە، شۆڕشگێڕەکان دەستکەوتێکی گەورە وەك ئازوقەو چەك و تەقەمەنی بەدەست هێنابوو بۆ هەڵومەرجی ئەو کاتە پێداویستیەکی گەورەو پێویست بوو کە لەو ڕێگایەوە بتوانن گورزی کەمەر شکێن بوەشێنن لە بنکەکانی حکومەت، سنوری بزاڤەکە فراوانتر بکەن (بارزانی 2012، ل159)، دوای چەند پێکدادانێك حکومەت نەیتوانی بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بێت، ڕووبەڕووبونەوەکان لە بەرژەوەندی شۆڕشگێڕان بەرەو تووندتر دەچوون، حکومەتی ناچار بە گفتوگۆ کرد (شیرزاد 1946، ل16)، نوری سەعید (1888 - 1958) کە ئەو کات سەرۆك وەزیر بوو (بصری 1992، ص129) کابینەکەی سێ وەزیری کورد تێدا بەشداربوون (قەرەداغی 1959، ل32)، لەنێوانیاندا ماجد مستەفا (1896 – 1974)[10] تایبەت بوو بە چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتی وگفتوگۆ (حسین,فاضل 2014، ل39) لە بەرواری 7 کانونی دووەمی 1944، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك وەزیران، ماجد مستەفا گەییشتە گوندی سپینداری نزیك مێرگەسۆر بە چەند کیلۆمەترێك، لەگەڵ بارزانی کۆبوویەوە، بارزانی داخوازییەکانی گەلی کورد خستە بەردەمر ناوبراو (بارزانی 2012، ل161)لە دیارترین داخوازییەکانی بریتی بوون لە پێکهێنانی هەرێمی کوردستان لە لێواکانی کەرکوك – موسڵ – هەولێر لەگەڵ قەزا کوردییەکانی سەر بە لیوای موسڵ کە پێکهاتبوون لە (ئاکرێ – زاخۆ – ئامێدی – شەنگار – شێخان) لە گەڵ هەردوو قەزای (خانەقین و مەندەلی) لە لیوای دیالە (ملا ئەبوبەکر 2001، ل83)،کە تیایدا زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت (عیسی 2005، ص271) لەگەڵ چەند خالێکی تر کە خۆیان لە خواستی مێژینەی گەلی کورد دەبینیەوە، پاش گفتوگۆیەکی درێژ،لە ڕۆژی 8 ی کانوونی دووەمی1944، ماجد مستەفا گەڕایەوە بەغدا، زەمینەی پەیوەندییەکی دۆستانە خۆشکرد، دوای چەند ڕۆژێك لەلایەن حکومەتی عیراق فەرمان دەرچوو بۆ هەموو ئەو هێزانەی هاتبوونە ناوچەی بارزان، بگەڕێنەوە سەربازگەکانیان بە جۆرێك سوپا لە شارۆچکەی بلە لە دەڤەری بارزان کشایەوە بۆ بنکەی سەرەکی خۆی لە قەزای ئاکرێ،هەروەها لە مێرگەسۆر سوپا هێزەکانی خۆی کشاندەوە بو رەواندوز، هاوکات دەستی کرد بە ناردنی خۆرك و جل و بەرگ و کەل و پەلی پێویست بۆ ئاکرێ و ناوچە کورد نشینەکان، هەروەها پلانی دامەزراندنی قوتابخانە و نەخۆشخانەیان داڕێشت لەمر ناوچانەدا، لەلایەکی ترەوە حکومەتی عیراق لەسەر پێشنیاری ماجد مستەفا لە 25 ی کانوونی دووەمی 1944 بە مەبەستی هەنگاونان بۆ ئارامیەکی ترپڕیاریدا چەند ئەفسەرێکی کورد کە لە ڕێزەکانی سوپای عیراقدا بوون وەك ئەفسەری پەیوەندی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دابنرێن (عیسی 2005، ص273) یەکێك لەو ئەفسەرانە )میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی( بۆ ئاکرێ راسپێردرا وەك ئەلقەی پەیوەندی نێوان ئاکرێ و حکومەت (شکری 2008، ل225)، کە هەموویان لەڕووی پابەندی بەستراببوونەوە بە )ماجد مستەفا(ی وەزیر بۆ کاروباری کوردستان (باوەر 2004، ل202)، بەهۆی ئەمر هەنگاوانەی حکومەت قۆناغێکی تری ئاراستەی چارەسەری ئاشتیانە دەستی پێکرد، لە شوباتی 1944 بارزانی بەیاوەری شاندێك (بارزانی 2012، ل122) کە پێکهاتبوو لە ژمارەیەك سەرۆك هۆزەکانی ئاکرێ لەوانە (مەحمود ئاغا زێباری ، محمەد تەیب زێباری ، فەتاح ئاغای هەرکی ، حاجی قادر شوشی ، محەمەد خالد بارزانی ، ئەحمەد ئاغا بارزانی ) سەرەدانی بەغدایان کرد، پاش ماوەیەك لە گفتوگۆ لەگەڵ هەریەکە لە نوری سەعید و وەزیرە پەیوەندی دارەکان، سەرئەنجامر حکومەت بڕیاریدا بە جێ بەجێ کردنی داخوازییەکانی گەلی کورد (شکری 2008، ص226)، کە پێشتر لە مانگی کانوونی دووەمی هەمان ساڵ لە لایەن بارزانی و ماجد مستەفا گفتوگۆی لەسەر کرابوو (ملا ئەبوبەکر 2001، ل83)، بەڵامر ئەوەی ڕوون و ئاشکرابوو هەر زوو لەلایەن بەشێك لە دەسەڵاتدارانی باڵای حکومەتی عیراق دەنگدانەوەی نارەزایی لێکەوتەوە کە وەك قۆناغەکانی پێشوو پێش هەموو شتێك بە دیدێکی بەرتەسك و عەقلیەتێکی شۆڤێنی، بەرژەوەندی و زاڵبوونی خۆی لا مەبەست بوو، ئەو ترسەی لە ناخیاندا گەڵاڵە ببوو لە بە جێگەیاندنی داخوازییەکانی گەلی کورد بەهەر نرخ و شێوازێك بێت دەبێتە هۆکاری ناکۆك و دژ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان، لەمر نێوەندەدا سەرۆك وەزیران بەهۆی دیدو هەڵوێستەکان خستبووە ژێر فشارێکی توند، بەناچاری لە 3 ی

حوزەیرانی 1944 دەستی لەکار کێشایەوە، لە ڕۆژانی دواتر کابینەیەکی نوێ لەلایەن (حمید پاچەچی 1887 – 1948) سازدرا (عبدالرزاق 1982، ص293)، لەیەکەم هەنگاودا ماجد مستەفای لە پۆستەکەی دوورخستەوە، هەرچی پاپەندبوونی پێشتر هەبوو لەبارەی چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕەتکرایەوە، ئاسۆی جێبەجێکردنی داخوازیەکانی گەڵی کورد وەك ئەوەی پێشتر لەسەر ڕێککەوتبوون گومانی تێکەوت (قەفطان 2003، ل81).

لای خۆیەوە بارزانی درکی بە بەدنیازی حکومەتی نوێی عیراق کرد، وێڕای هەول و تەقەلایەکی زۆری بارزانی تاوەکو لێکدان ڕوونەدا، بە پێچەوانەوە حکومەت هەموو دەرگاگانی گفتوگۆ لەبەردەم بارزانی داخست و خستیانە بەردەم هەڵبژاردەی سەربازی، لەلای خۆشەوە سوپای عیراق خۆی ساز و ئامادە کردبوو (جندی 1994، ل62) پاش نائومێدبوون بارزانی لە هاوینی 1944 کەوتە گەڕان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی پاڵپشتی عەشیرەت و سەرۆك هۆزەکان (مام خول 2013، ل50)، سەرەتای گەڕانی خۆی بە ناوچەی عەشیرەتی زێبار و سورچی لە ئاکرێ دەستی پێکرد (بارزانی 2012، ل131) وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە، بارزانی بۆ ئەوەی عەشیرەتەکانی ئاکرێ لە نێوانیاندا عەشیرەتی زێبار بکاتە هاوپەیمانی خۆی پەیمانێکی دۆستانەی لەگەڵ مەحمود ئاغا زێباری بەست (زاکین 2015، ل101)، لەهەمان کاتدا شێخ ئەحمەد بارزانی کچی حاجی قادر عوسمان ئاغا زێباری خواست (چاربۆتی 13-3-2021)، مستەفا بارزانیش حمایل خانی کچی مەحمود ئاغای زێباری هێنابوو، بەم شێوەیە بەستنی پەیمانی دۆستایەتی و کۆمەڵایەتی نێوان هەردوولا بووە هۆی بەهێز بوونی پێگەی بارزانی لەنێو عەشیرەتی زێبار و ناوچەکە (زاکین 2015، ل112)، بەڵام سەرەڕای پەیوەندی بەتینی نێوان بارزانی و مەحمود ئاغا، لە لایەکی دیکەوە ئەحمەد ئاغا براگەورەی مەحمود ئاغا زێباری، هەڵوێستێکی دژایەتی وەرگرت بەرامبەر برا بچووکەکەی (زیـباری 2012، ل41)، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی ئەحمەد ئاغا و شێخ ئەحمەد بارزانی ڕەهەندێکی مێژینەی هەیە کە بە درێژایی تەمەنی خۆیان ناکوکبوون(چـالی 2021؛ چاربۆتی 13-3-2021) هاوکات لێك نزیکبوونەوەی (مەحمود ئاغا و بارزانی) ئەنجامەکەی بوە هۆی ئەوەی (مەحمود ئاغا) خۆی لە ڕێزی براکەی دووربخاتەوە، بەتایبەتی کاتێك بە 600 جەنگاوەر پەیوەندی بە ڕێزەکانی بزاڤی بارزان کرد (عمر 2009، ل215؛ علی 2010، ل302)، بەم شێوەیە دەبینین پەیوەندی مێژینەی نێوان عەشیرەتی زێبار – بارزان، خۆی خزاندەوە نێو ڕووداوەکانی ئەم کاتە، بەجۆرێك لەگەڵیدا ئاوێتەببوو، دواتر بەخراپی بەسەر بزاڤی بارزان شکایەوە، هاوکات لە هاوینی هەمان ساڵ ، بارزانی لە ڕێگەی مەحمود ئاغا بە نامەیەك شێخ ڕەقیب سورچی لە ڕەوشەکە ئاگادار کردەوە وداوای پاڵپشتی و پشتیوانی لێکرد (زێباری 2021-2-1؛ چـــالی 2021-3-1)، بەڵام ڕۆژگار ئەوەی بەدیارخست ئەم هەوڵەی بارزانی ئەنجامی نەبوو وەک مەسعود بارزانی ئاماژە بەوە دەکات لە یەکەم ڕۆژەوە عەشیرەتی سورچی پاڵیاندا بە حکومەتەوە (بارزانی 2012، ل155).

لە درێژی گەشتەکەی بۆ دەڤەری بادینان، بارزانی بە یاوەری مەحمود ئاغا زێباری و هەرسێ کوڕەکەی (تەتەرخان، زبێر، عومەر) سەردانی گوندی بلان و مرییای کرد بۆ لای سەرۆك هۆزەکانی مزوری ژێری، لەو کاتە کە بارزانی سەرقاڵی سەرەدانەکەی بوو بۆ باعەدرێ نزیك شێخان کە مەڵبەندی ئیزدییەکانە لەوێشەوە پلانیان هەبوو سەرەدانی قەزای شەنگار بکات، نامەیەکی لە شێخ ئەحمەد بارزانیەوە پێدەگات سەبارەت بە کوژرانی (وەلی بەگ=ئولی بەگ) لەناو پۆلیسخانەی مێرگەسۆر (زیـباری 2012، ل39)،خۆی خاڵی دایکی مستەفا بارزانی و سەرۆك عەشیرەتی شێروانی بوو (هوستانی 2017، ل68)، لە نامەکەدا شێخ ئەحمەد داوای دەست بەجێ گەڕانەوەی بارزانی دەکات بۆ دەڤەری بارزان ( (زیـباری 2012، ل٦٨)، لەم بارەوە نەوەی مەحمود ئاغا زێباری، ڕەزا زبێر لە بیرەوەرییەکانی خویدا نووسیویەتی "هاوکات لەگەڵ گەییشتنی نامەی شێخ ئەحمەد بارزانی، مستەفا بارزانی و مەحمود ئاغا و کوڕەکانی کۆتاییان بە گەشتەکەی هێنا،بۆ کاری پێویست گەڕانەوە ،شەوێك لە گوندی باکورمان نزیك ئاکرێ، شەوی دواتر لە گوندی نپاخێ لە دەڤەری زێبار لە ماڵی مەحمود ئاغا مانەوە" (زیـباری 2012، ل39)،ڕۆژی دواتر بارزانی گەڕایەوە لای شێخ ئەحمەد بارزانی لە هاوینە هەواری هورێ لە باکوری چیای شرین (بارزانی 2012، ل154)، پاش وەرگرتنی ئامۆژگاری پێویست لە شێخ ئەحمەدەوە، بارزانی لە 18 ئابی 1944 (هەورامی 2002، ل9)، لە نامەیەکدا داوا لە حکومەتی عیراق کرد گفتەکانی ئاگربەستی 1943 بەرێتەسەر سەبارەت بە داخوازییەکانی گەڵی کورد (قەرەداغی 1959، ل47). وەك بەدیار دەکەوێت حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشت، بەڵکو بەردەوام خەریکی خۆ سازدانی سوپایی بوو، بارزانی ئاگای لە نەخشەو نیازیان بوو، بە سود وەرگرتن لە ئەزموونی شەڕو پێکدادانەکانی 1943، بڕیاریدا هەنگاوێکی وا بهاوێژێ گونجاوبێت لەگەڵ بارودۆخەکەدا، لە 15 کانوونی دووەمی 1945، پاش کۆمەڵێك گردبوونەوەی چڕ لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەفسەرانی کورد لە نێو سوپای عیراق، لیژنەی ئازادی دامەزراند (بارزانی 2012، ل133) دواتر لە تەوەری دووەم باسی دەکەین، دوو لەو ئەفسەرانە خەڵکی ئاکرێ بوون بە ناوی (میرحاج ئەحمەد و

حیفزوللا ئیسماعیل) (شکری 2008، ل228، ئاکره یی 2012، ل8)،پاش چەند کوبوونەوەیەك لیژنەکە بڕیاریدا کاربکەن بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی چەکداری بە مەبەستی ڕزگارکردنی کورد لە زوڵم و ستەم و نادادی حکومەت (ئەرفەع2001، ل79).

لەم سەروبەندە حکومەتی پاچەچی خۆی ساز و ڕێك دەکرد بۆ هێرشکردن بۆ سەر بنکەو پێگەکانی بزاڤەکە، لە چوارچێوەی بڕیارەکانی کۆتا کۆبوونەوە، لیژنەی ئازادی جوگرافیای ناوچەکەی دابەشی چەند بەرەیەك کرد، بەرەی ڕۆژهەڵات (ڕواندوز – مێرگەسۆر) بە فەرماندەیی (محەمەد سدیق بارزان)ی (بارزانی 2012، ل154)،بەرەی ڕۆژئاوا (ئامێدی – بالندا) بەسەرپەرشتی (حاجی تەها ئامێد)ی، دەروازەی بلە بە (ئەسعەد خوشەوی)سپارد (سەجادی 2017، ل192)، بارزانی وێڕای سەرکردایەتی گشتی بزاڤەکە، سەرپەرشتی بەرەی ئاکرێ خستبووە ئەستۆی خۆی (شێروانی 2008، ل312).بەگوێرەی سەرچاوەکان بەرەی ئاکرێ نزیکەی 1200 شۆڕشگێڕ لە خۆی گرتبوو (علی 2010، ل302)، زیاتر لە نیوەیان پێکهاتبوون لە گەنج و خە ڵکی زێبار بەسەرپەرشتی مەحمود ئاغا زێباری، پاش داڕشتنی نەخشەی بزاڤ، بارزانی سەرەدانی گوندی (بیرەکەپرا) لە دەڤەری زێبار کرد (عمر 2009، ص215)، دواتر بە یاوەری مەحمود ئاغا و ژمارەیەك لە گەورە پیاوانی عەشیرەتەکەی، خۆیان گەیاندبووە ناحیەی دینارتە و دەڤەری نەهلە، بارەگای سەرەکی بزاڤ لە گوندی ئەشکەوت بە چەند کیلومەترێك دوور لە سەنتەری ناحیەی دینارتە، دامەزراند (شێروانی 2008، ل312)، پاش ئەم هەنگاوە بە ڕاسپاردەو فەرمانی بارزانی، بەرەی ئاکرێ دابەشی چەند بەرەو مەفرەزەی بچووك بچووك کرد هەریەك لە (ساکو کانیەلنجی و عەزیز ئاغای زراری بۆ گوندی گۆسك لە بناری چیای ئاکرێ) لە بەرەی باکوری دینارتە، هێزەکەی زێبار بەسەرپەرشتی (قورتاس ئاکرەیی) بەرەو سەری چیای ئاکرێ، ڕاسپارد (زیـباری 2012، ل41). هەروەها هەریەك لە (شێخۆمەر شانەدەری و مستو میروزی) ڕەوانەکران بۆ لێدان و گورزوەشاندن لە قەلای دینارتە کە ئەوکات بارەگای هێزەکانی پۆلیس بوو، ساکو کانیەلنجی لەنێو ڕووداوەکاندا بوو دەڵێت"دوای دابەشکردنی هێزەکانی بەرەی ئاکرێ پێیان سپارد تاوەکو مستو میروزی تەقەی لە پۆلیسخانەی دینارتە نەکات هیچ کەس جوڵەو تەقەی نەکا بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی ڕووبەڕووبونەوە ئاشکرا نەبێت" (شێروانی 2008، ل313). شایەنی باسە لە بەرواری 25 ی ئابی 1945، سوپای عیراق بەسەرپەرشتی زەعیم یاسین حەسەن، بە پاڵپشتی و بەشداری هەریەکە لە لیوای پێنج کە بارەگای لە دینارتە بوو،هەروەها لیوای یەك بارەگای لە ئاکرێ بوو،لەگەڵ هێزێکی گەورەی پۆلیس، جوڵەی سەربازی دەستی پێکرد (بارزانی 2012، ل157)، شۆڕشگێڕان ئاگاداری جموجۆڵی پێشوەختەی بوون، بە پلانێکی تۆکمە لە چوارچێوەی چالاکی (پارتیزانی)[11] هاتنە دەست (زیـباری 2012، ل41)، سەرئەنجام لە دۆڵی (شیڤە هرچ)[12] لە بناری چیای ئاکرێ شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا (سەجادی 2017، ل132)، وێڕای لەدەستدانی ژمارەیەك لە شۆڕشگێڕان کە بریتی بوون لە (عەزیز ئاغای زراری و ئەحمەدە گۆج ، محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری و شەریف لەشکری و محەمەد ئیسومەری) (شێروانی 2008، ل314). بە گوێرەی هەندێك سەرچاوە زیانی حکومەت بریتی بوون لە 380 کوژراو و بریندار‌بوونی 450 کەس (ملا ئەبوبەکر 2001، ل94)،لە هەندێك سەرچاوەی تر ژمارەی کوژرانی حکومەت بەنزیکی 500 کەس مەزەندە دەکرێت (عــلی 2013، ل416)، هەروەها هێزە شۆڕشگێڕەکان توانیان دەست بەسەر تۆپێك و کەرەستەیەکی زۆری جەنگی دابگرن (جیاوك 2008، ل199)، هاوکات لیوای پێنج لە دینارتە بە گەمارۆدراوی مایەوە لە ژێر چنگی شۆڕشگێڕان (جیاوك 2008، ل199).

شایەنی گوتنە دەڤەری ئاکرێ لەڕووی پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی خۆی هەبووە، جگە لە کۆمەڵانی عەشیرەتە موسڵمانەکانی ناوچەکە بەتایبەتی گوندەکانی دەڤەری زێبار وەك کادان - چاربوت – نپاخێ – بانێ ... هتد، لەم قۆناغە جووەکانی ئاکرێ و بنەماڵەی (خواچە خنینو) کە ئەوکات ڕابەری جوەکانی ئاکرێ بوو، خۆی بازرگانێکی گەورەو ناسراو بوو، پەیوەندی دۆستانەی هەبوو لەگەڵ بارزانی، بەشێك لەو خۆراك و کەل و پەل و کەرەستانەی بازرگانی پێدەکرا پارەکەی بە بارزانی دەدا، هەروەها یارمەتی ئەو کەسانەی دەدا کە لایەنگیری بزاڤ و بارزانین،هەروەها پێگەی مەسیحیەکانیش لە ئاستێکی بەرزدابوو لە کۆمەك کردنی بزاڤەکە، ناکرێ خزمەتی ئەوان بەتایبەت گوندە مەسیح نشینەکانی وەك (دفری – بامش مش – گربیش – ئەشکەوت) لەبەرچاو نەگرین، وێڕای گەمارۆی سەختی حکومەت بەسەر ناوچەی شۆڕش، لەژێر تیشکی ئەم ڕووداو و پێشهاتە سەختانە ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی نواند لە دابین کردنی کەل وپەلی ڕۆژانەی وەك خۆراك – داو دەرمان – جل و بەرگ ...هتد، تا ڕاددەیەك یارمەتی و کۆمەکیان، شەپۆلی گەمارۆی حکومەت بەسەر شۆڕشگێڕان سوککرابوو ،تەنانەت لە قۆناغەکانی دوای بزاڤەکە زۆرێك لەمانە بە تۆمەتی یارمەتی و هاوکاریکردنی بارزانی، درانە بەر دادگای سەربازی، لەنێویاندا (خینو داودی خواجە) ، بەو پەڕەی نامەردانە سزا درا (زاکین 2015، ل120).وەك فەرماندەیەکی ئەوکاتەی سوپای عیراق بەناوی مستەفا حەسەن لە بیرەوەریەکانی خۆی ئاماژە بە ڕۆڵی خەڵکی ئاکرێ دەکات، دەڵێت" زۆر بە توندی کەوتنە پاڵپشتیکردنی بزاڤی بارزانی، بە گژ گەمارۆی حکومەتی عیراقدا چونەتەوە، گوایە لەم ماوەیە 1500 سەرە مەڕی ڕەوانەی بارزان کردن کەبەشی 3000 شۆڕشگێڕ دەکرد"

(شکری 2008، ص229)، لەم قۆناغە بەهۆی سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی بزاڤەکە، جەماوەر و خەڵکی ناوچەکە خروشاند، بە جۆش و هەستێکی کوردانە پەیوەندییان بە ڕێزەکانی بزاڤەکە کرد، ژمارەی شۆڕشگێڕان لەو ماوەیەدا گەیشتبووە 2000 کەس ( (شێروانی 2008، ل312). بێگومان ئەم بارودۆخە شلەژاو ناسەقامگیرە، سوپای عیراق بەتایبەت لە دوای شکستی ئابی 1945، هەستی بە مەترسییەکی گەورە کردبوو، وەك حەسەن مستەفا کە لە نێو ڕووداوەکاندا ڕۆڵی هەبووە، لە یادەوەرییەکانی خۆیدا نوسیووە "ئەو شەڕانەی سوپای عیراق توندترین شەڕ بوون، ورەی جەنگاوەرە کوردەکان زۆر بەرزبوو، چونکە باوەڕیان بە کێشەکە هەبوو،ئێمە تەنها لەگەڵ جەنگاوەرە کوردەکان نەدەجەنگین بەڵکو سروشتی ناوچەکە هاوکار بوو لەگەڵ جەنگاوەران و ڕێگربوو لەبەردەم سوپای عیراق" (مام خول 2013، ل53).

لەم قۆناغە بەهۆی زاڵبوونی شۆڕشگێڕان بەسەر ناوچەی ئاکرێ، هەڵومەرجی بزاڤەکە بردە قۆناغێکی تر، پیلان و نەخشەی حکومەت تێکدابوو، بۆیە حکومەت بۆ ملکەچکردنی بزاڤەکە کەوتە داڕشتنی پیلانێکی نوێ، بە دوای فاکتەرێکی ناوخۆیی دەگەڕا، لەم پێناوە دا هەوڵەکانی خستە گەڕ بۆ ڕاکێشانی سەرۆك هۆزەکانی ئاکرێ بۆ نێو بازنەی بەرەی دژ بە بارزانی و بزاڤەکە، هەروەك لە بەڵگەنامەیەکی بریتانیادا هاتووە" وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عیراق فەرمانی کردبوو بۆ ڕزگارکردنی لیوای حکومەت (مەبەست لیوای پێنجە کە لە ڕوداوەکانی سەرەتای ئابی 1945 تا ئەم ساتە لە ژێر گەمارۆی شۆڕشگێڕانی دابوو ( توێژەر)، لە دینارتە، ڕاکێشانی هۆزەکانی کورد زۆر گرینگە بە پاڵپشتی ئەوان دەتوانین هێزەکانی حکومەت لەناوچوون ڕزگار بکەین، پێویستە بۆ ئەم بابەتە پەلە بکەن" .بەپێی نەخشەی ئەم ڕاپۆرتە و فەرمانەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەت (عـــلی 2013، ل414) کەوتە کڕینی سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکە بە پارە و چەك و پلەو پۆست (موکریانی 1998، ل14)، لەم هەوڵە حکومەت سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا لە ڕاکێشانی بەشێك لە سەرۆك هۆزەکانی ئاکرێ و درزی زیاتری خستە نێو ریزەکانی کورد. بەپێی بەڵگەنامەیەکی بریتانی لە کۆتاییەکانی هاوینی 1945 حکومەت لە گرتنە بەری ڕێوشوێن بۆ گرتنی پشتگیری هۆزەکانی ئاکرێ و مێرگەسۆر و دەوروبەری، قۆناغێکی گرینگ و سەرکەوتووانەی بڕیبوو بۆ هاندانی دژی بارزانی (جیاوك 2008، ل199)، لەم سەرو بەندەدا عەشیرەتی سورچی بەڕابەرایەتی ڕەقیب سورچی (بارزانی 2012، ل155)و بەشێك لە عەشیرەتی زێبار بەڕابەرایەتی (ئەحمەد ئاغا) لە ڕێزەکانی حکومەت چەکیان هەڵگرتبوو (الدرة 1966، ص213).لەلایەکی ترەوە بریتانیەکان خویان هاتن نەخشەی جەنگیان کێشا بە سەرپەرشتی (ژەنەرال رنتن)، لە سەرەتای ئەیلولی 1945 لیوای پانزدە لە ڕواندوز بەرەو ئاکرێ جوڵەی پێکرد (موکریانی 1998، ل14)، دواتر بە هاوبەشی لەگەڵ لیوای یەك و بەشێك لە سەربازە هەڵاتووەکانی لیوای پێنج نەخشەیەکی نوێ و تۆکمەی داڕێشت، بە شێوەیەك بڕیار درا لیوای پانزدە لە ئاکرێ بەرەو (گەڵی زنتە – دینارتە) و لیوای یەك لە چیای سەرێ ئاکرێ بەرەو دۆلی نەهلە بکێشێ و هەنگاو بنێ (شێروانی 2008، ل314)،هەروەها لە پلانەکەدا هاتبوو لیوای پێنج کە لەژێر گەمارۆ دابوو ، هەوڵبدات لەگەڵ لیوای پانزدە یەك بگرن ، کە ئامانجیان یەك گرتنی هەموو هێزەکانی حکومەت بوو لە دینارتە و دواتر پێکەوە هێرش بکەنە سەر (چیای پیرس)[13] و لەوێوە بارزان گەرەك بوو (جیاوك 2008، ل200-203).لەم سەروبەندە بارزانی نەخشەو پلانی دووبارە داڕشتەوە، بارەگای سەرەکی خۆی کە پێشتر وەك باسکرا لە گوندی ئەشکەوت بوو، گواستراوە بۆ گوندی گربیش کەمتر لە نیو کاتژمێر لە دینارتە، 35 کم لە بارزان دووڕە (زیـباری 2012، ل41).

هێزەکانی سوپای عیراق لە ناوەڕاستی ئەیلولی 1945 (عمر 2009، ص216)، لە هەردوو بەرەی گەڵی (زنتە) بە بەشداری لیوای پانزدە،بەرەی سەری ئاکرێ بە پاڵپشتی لیوای یەك (موکریانی 1998، ل15)، بە بەشداری 300 کەس لە عەشیرەتی سورچی هێرشیان کرد و گەمارۆوەیەکەی شکاند، لیوای پێنج ڕزگار کرد (جیاوك 2008، ل199)، لە بارەی ئەم ڕووداوە مەسعود بارزانی نوسراوە "ناپاکی عەشیرەتی سورچی نەبووایە لیوای پێنج خۆی بەدەستەوەدەدا، ئاستی شەڕ بە یەکجاری دەگۆڕا " (بارزانی 2012، ل164) . دوای شەڕێکی خوێناوی، کوژرانی 52 کەس و بە دیلگرتنی نزیکەی 50 کەسی تر لە سەربازانی عیراق (البارزانی 2002، ص197)، لە دەستدانی ژمارەیەك لە شۆرشگێڕان لەوانە (محەمەد عەبدوڵا شانەدەری و عەلی بازی بەرۆژی)و برینداربوونی ژمارەیەکی تر، هێزەکانی حکومەت ناوچەی نەهلە – دینارتە داگیرکردەوە و بڵاوەی بە هێزە شۆڕشگێڕەکان کرد (بارزانی 2012، ل164). بە فەرمانی بارزانی، لە 25 ی ئەیلولی 1945 شۆڕشگێڕان بەرەو زنجیرە چیای پیرس کە گونجاو و لەبارە بۆ چالاکی پارتیزانی ، کشانەوە (جیاوك 2008، ل199)، هەروەها لە دوای داگیرکردنی دینارتە، هەریەك لە (شەوکەت ئاغا و مەجید حەسەن ئاغا و عەبدوڵڵا شەرەفانی و شێخ جەلال بریفکانی) و لەگەڵ چەند سەرۆك عەشیرەتێکی تری ئاکرێ پشتگیری خۆیان بۆ حکومەت دوپاتکردەوە و بوونە یاوەری سوپای عیراق (البارزانی 2002، ص198)، شایەنی گوتنە لەم ساتەدا ژمارەیەك لە هێزەکانی پۆلیس، کە ژمارەیان(6 – 8) پۆلیس بوو، لە لایەن (ئەحمەد ئاغا زێبار) لە ماڵی خۆی لە گوندی (هوکێ) [14] داڵدەدرابوون، لەلایەن شێخ ئەحمەد

بارزانی بە نامەیەك مستەفا بارزانی ئاگادار دەکات بۆ گێڕانەوەی ئەم پۆلیسانە بۆ لای خۆی، ئەمە لە کاتێکدا بوو پەیوەندی هەردوولا (شێخ ئەحمەد بارزانی و ئەحمەد ئاغا زێبار) لە ئاستێکی خراپ دابوو. سەرەتای تشرینی یەکەمی 1945 بارزانی خۆی گەیاندبووە گوندی هوکێ بۆ بەجێگەیاندنی داواکاری شێخ ئەحمەد بەڵام لەلایەن (ئەحمەد ئاغا) زۆر بە توندی کەوتە سوکایەتی و سەرزەنشتکردنی (شێخ ئەحمەد بارزان)ی و ڕادەستکردنیان بە ناپاکی بۆ خۆی و عەشیرەتەکەی لێکدایەوە بە بیانوی ئەوەی ئەم پۆلیسانە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پەنایان بۆی بردووە لە لایەك (چاربۆتی 2021-3-13)و لە لایەکی تر وەك لە پێشوو ئاماژەی پێی کراوە (ئەحمەد ئاغا) دەست و تێکەڵاوییەکی تۆکمەی هەبووە لەگەڵ حکومەت (الدرة 1966، ص234)، لە ئەنجام پۆلیسەکان ڕادەستی حکومەت کران (چاربۆتی 2021-3-13)، لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوە بووە سەرەتایەك بۆ زیندووکردنەوەی کۆنە ناکۆکی نێوانیان، ململانێی مێژوویی ئاوێتەی ئەم قۆناغە بوو، بەمەش گورزی کوشندەی لە ئاراستەی ڕەوتی ڕووداوەکان دا، بە واتایەکی تر درێژەدان بە ناکۆکی و هاوکاریکردنی عەشیرەتەکان بۆ حکومەت چەند کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی ورەی سوپای عیراق هەبوو، دوو ئەوەندە زیاتر لەسەر دارمانی ورەی هێزە شۆڕشگێڕەکان هەبوو، پاش کشانەوە بۆ چیای پیرس، بارزانی بارەگای کاتی لە گوندی بیرەکەپرا دامەزراند، هێزەکانی خۆی لەوێ کۆکردەوە، لە 30 ی مانگی ئەیلول، هێزەکانی حکومەت (بارزانی 2012، ل164)بە پاڵپشتی 500 (زەربەخەت 2001، ل116)و لە هەندێك سەرچاوەی تر بە 700 کەس لە هێزی عەشیرەتەکانی ناوچەکە خەملێنراوە، هێزە شۆڕشگێڕەکانیان خستبووە ژێر گەمارۆیەکی توند، بەجۆرێك لەلای چەپەوە عەشیرەتی سورچی، لە لای ڕاست عەشیرەتەکانی بەرواری و بەراش و شەرەفانی و دوسکی (جیاوك 2008، ل200)، لە پشتەوە جگە لە مەحمود ئاغا کە تا ئەو کات لە ڕیزی شۆڕش لە خەباتدابوو ، هەریەکە لە (ئەحمەد ئاغا و شەوکەت ئاغا) سەنگەریان لێدا دژ بە هێزە شۆڕشگێڕەکان،لە لای خوارەوەی چیای پیرس بە تۆپخانەو فڕۆکە کەوتنە بۆمبارانکردنی پێگەکانی شۆڕش (سەجادی 2017، ل134)، هەروەها لەبەرەی ڕۆژهەلات (ڕواندوز – مێرگەسۆر) سوپای عیراق بە یارمەتی فڕۆکە جەنگیەکانی بریتانیا هێرشیان کردە سەر ناوچەی شۆڕشگێڕان بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتنی بارزان (گەوهەری 2014، ل39-40)، دوای شەڕێکی قورس، هێزەکانی عیراق بە هاوکاری هێزە چەکدارە نافەرمییەکان، لە 1 ی تشرینی یەکەمی 1945 چیای پیرس دەگرن، دواتر زەفەری برد بە بارودۆخەکەو بەرەوە گوندی بیرەکەپرا کە مەڵبەندی ئەو کاتەی بزاڤەکە بوو هەنگاونا، بارزانی و لایەنگیرانی لەگشت لایەکەوە گەمارۆ درا (کۆچێرا 2011، ل193)،تەنانەت لەم سەروبەندە دا (مەحمود ئاغا) لە ژێر فشاری برا گەورەی خۆی (ئەحمەد ئاغا) پەیوەندی بە حکومەتەوە کرد (الدرة 1966، ص213)، لە بەرامبەردا حکومەت بڕیاری لێبوردنی بۆی دەرکرد کە پێشتر بەهۆی لایەنگیرکردنی بارزانی حکومەت بڕیاری لەسێدارەدانی بۆی دەرکردبوو (ماکداول 2008، ل341) .

بە کشانەوەی (مەحمود ئاغا زێبار) بۆ بازنەی حکومەت، بارزانی تەواوی پاڵپشتی عەشیرەتی زێبار لەدەستدا، کە هەر لەکونەوە کاریگەرترین عەشیرەتی ئاکرێ و دەوروبەر بوو (باجگر 2007، ل207). شایانی گوتنە سوپای عیراق درێژەی بە هێرشەکانیدا کە گرتنی بارزان گەرەك بوو وەك پێشتر باسکرا، لە ڕۆژی 6 ی تشرینی یەکەمی 1945 هەواڵی دەست گرتن بەسەر بارزان ڕاگەیاند، لە ژێر چنگی شۆڕش دەرهێنا (جویدە 2003، ل507)ئەوەی لێرەدا جێگای باسە دوای گەڕانەوەی دەسەلاتی حکومەت بۆ ئاکرێ و دەوڕووبەر، ژمارەیەك لە کەسایەتی و سەرۆك هۆزەکانی ئاکرێ وەك (سەعید سبحی، حەجی جمعا، عبدوڵا حەجی صادق، مستەفا ملا جبرائیل، کەریم خان محەمەد...هتد)، هەروەها سەرۆك هۆزەکانی دەڤەری سورچیا لەوانە (شێخ ڕەقیب سورچی، شێخ قەیوم و شێخ تەوفیق...هتد)،لەگەڵ کۆمەڵێك ئاغاو کەسایەتی دەڤەری گۆرانەتی لەبەردەڕەش لەوانە( عەزیز سمایل ئاغا،محمد ئاغا گردەپان ،قادر ئاغا زەنگەنان، ئەمین ئاغا دارەتوو و کاکل ئاغا ڕوڤیا )کەوتنە ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی و دەست خۆشیکردنی حکومەت، دلسۆزی خۆیان بۆ حکومەت دەربڕی (شکری 2008، ص233) لە بەرواری 10 ی تشرینی یەکەمی 1945 لە ژێر تیشکی ڕەوشێکی دژوار، دوای گۆڕینی ئاراستە هێزی عەشائیر و لایەنگیریەکی گشتگیر بۆ حکومەت، لەسەر داوای (قازی محەمەد 1901- 1947) (دوسکی 2005، ص104)، بارزانی و کۆمەڵێك شۆڕەشگێر بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات هەنگاویان نا، قۆناغێکی تری لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەستی پێکرد (تەتەر 2012، ل45).شایەنی باسە کۆمەڵێك کەسایەتی ئاکرێ دەستیان لە خەباتی کوردایەتی هەلنەگرت، بەرپرسیارەتی ئەو قۆناغە سەختەی هەڵگرت و بوونە هاو کاروانی بارزانی لەنێوانیاندا (میرحاج ئەحمەد، دادوەر بەهجەت عبدو، قادر موسی و خالد شەریف) و ڕۆڵی چالاکیان هەبوو (شکری 2008، ص232)، دواتر بە یاوەری بارزانی لە 22 ی کانوونی یەکەمی 1946، بەشدارییان کرد لە ڕێوڕەسمی جاردانی کۆماری کوردستان (المیر 1999، ص33)، دواتر بە فەرمانی ڕابەری کۆماری کوردستان قازی محەمەد ،هێزی بارزان لە چوارچێوەی هێزی بەرگری کۆماربە فەرماندەی مەلا مستەفا بارزانی دامەزراند (قاسملو 2007، ل90)، کە پێکهاتبوو لە سێ فەوجی سەربازی کە ژمارەیان بە 1500 کەس دەخەملێنرێت

(بارزانی 2012، ل179)، فەرماندەی یەکێك لەم فەوجانە (میرحاج ئەحمەد)بوو (قولی پیسان 1996، ل45)، کە خاوەن ئەزموونێکی گرینگی سەربازی بوو لە سوپای عێراق (عقراوی 2011، ص9).

لە کۆتاییدا ئەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە دوای هەڵگیرسانی بزاڤی چەکداری بارزان (1943 – 1945) ناوچەی ئاکرێ و دەوروبەری ببووە گۆڕەپان و چەقی سەرەکی و مل ملانێ نێوان شۆڕشگێڕان و حکومەتی عیراق، ڕۆڵێکی گرینگی دەگێڕا لە یەکلاکردنەوەی بارودۆخەکە، لەم بزاڤەدا جگە لە بەشێك لە سەرۆك هۆزو کەسایەتیەکانی شارەکە کە هەر لە قۆناغی سەرەتایی پاڵیان دابووە حکومەت و ڕۆڵی خراپیان گێڕاوە دژی بزاڤەکە، کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە ڕۆڵێکی بنەڕەتی گێڕاوە لە خەباتی سەربازی دژی حکومەت، هاوکات سەرچاوەیەکی گرینگی کۆمەککردنی بزاڤی بارزان بوون.

**4: پێگەی ڕۆشنبیران و قوتابیانی ئاکرێ لە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی کوردی(1943-1945)**

دوای پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی کاتی عیراق لە 5 ی تشرینی دووەمی 1920 بە سەرۆکایەتی (عبدولرەحمان گیلانی 1841 – 1927) ، کە لەلایەن بریتانیا پێشنیاری بۆ ئەم حکومەتە کرابوو، دوای سەرنەگرتنی ئەو حکومەتەو هێنانی کەسێکی تر لە دەرەوەی عێراق بەناوی (فەیسەل حسین – فەیسەلی یەکەم 1883- 1933) و دانان بە پاشای عیراق لە 22 ی ئابی 1921، هیچ کام لەم دوو حکومەتە لەو دەمانەدا گوێیان لە داواکانی کورد نەگرت، هەڵوێستیان بەرامبەر دۆزی کورد باش نەبوو (الزبیدی 1981، ص19)، کە کاری سیاسی بە شێوەی ئاشکرا ئەنجام بدەن چ لە چوارچێوەی پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە یاخود یانەکان. سەرەڕای دەرچوونی یاسای کۆمەڵەکان لە 2ی تەمموزی 1922 (الحسینی 1983، ص100)، نەك لەم قۆناغە بەڵکو لە قۆناغەکانی دواتر و وێڕای هەموارکردنەوەی یاسای کۆمەڵەکان لە 2 ی نیسانی 1945 (خلیل 2001، ل53) حکومەت بایەخی بە کوردستان نەدەدا بە پێچەوانەوە بە کۆسپ و مەترسی لەبەردەم یەکێتی و سەروەری خاکی عیراق دادەنا (کریـم 2013، ل209) ، تاوەکو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 (الزبیدی 1981، ص37).لە ئایاری 1960 جارێکی ترسەرلەنوێ یاسای تەموزی ساڵی ١٩٢٢ی سەبارەت بەکارکردنی ئاشکرای کۆمەڵەکان هەموارکردەوە، لەم چوارچێوەیەدا مۆلەت درا بە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان (طاهر 2007, ص١٤) هاوشێوەی هێزە سیاسیەکانی تری عیراق،بە ئاشکرا پارت و ڕێکخراوی کوردی کەوتنە مەیدانی خەبات و تێکۆشان (الزيباري 2017، ل14-15) هاوکات لەم قۆناغە مێژووییە (1921 – 1945) وێرای چاودێری توندی حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عیراق، هەڵومەرجی سەخت و ناجێگری کوردستان، ڕۆشنبیرانی کوردستان لە ڕێگای دامەزراندنی پارت و کۆمەڵەی نهێنی ، ئەرکی ئەنجامدانی چالاکی سیاسی خستبووە سەرشانی خۆیان. لە نێویاندا لاو و ڕوناکبیرانی شاری ئاکرێ، ڕۆڵێکی گرینگ و دانەبڕاوی بینیوە لە دامەزراندن و بەشداریکردنی خەباتی سیاسی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان لە 10ی تەمموزی 1927لە شاری بەغدا بە سەرۆکایەتی مستەفا شەدەلی (کریـم 2013، ل256)، ڕووناکبیرو سەرۆك هۆزەکانی ئاکرێ وەك فارس ئاغا زێباری (کریـم 2013، ل258) سەرۆك هۆزی زێبار (الکردی 2008، ص317)، کە خاوەن پێگەیەکی بەهێزو دیاری هەبوو لە ناوچەی ئاکرێ و دینارتە و دەوروبەری (الدوسکی 2007، ص289، رؤوف 2008، ص237)، هەروەها لە دەڤەری سورچیەکان لە باکوری ڕۆژهەلاتی ئاکرێ (گورانی 2000، ل204)، سەرۆك هۆزو کەسایەتیە دیارەکانی عەشیرەتی سورچی (کریـم 2013، ل258) لە ڕێگای لقی موسڵی کۆمەڵەکە خۆیان ریکخست ، ببوون بە ئەندامی چالاکی کۆمەڵەکە (کریـم 2013، ل258)، ئامانجیان لە کارکردن لەم کۆمەڵەیە هۆشیارکردنەوەی کوردو هاندانیان بوو بۆ داکۆکیکردن لەپێناو چەسپاندنی ماف و ڕزگارکردنی گەڵی کورد، بەڵام تەمەنی ئەم کۆمەڵەیە زۆری نەخایەند، کەوتە ژێر فشاری حکومەتی عیراق، دوای ماوەیەکی کەم توایەوە، کۆتایی بە چالاکییەکانی هات لەسەر شانۆی ڕووداوەکان. لە کۆتایی سییەکان و سەرتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو.

باشوری کوردستان لەژێر کاریگەری جەنگی دووەمی جیهان (1939 – 1945)،هەروەها سیاسەتی خراپی حکومەتی عیراق،بە هەڵومەرجێکی زۆر ئالۆز و دژوار تێپەڕ دەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دانەبڕا لە خەبات، لەم چوارچێوەیە شاری ئاکرێ لە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خاوەن هەڵوێست و بیروباوەڕی کوردانە و ڕۆڵێکی تۆکمەو سەنگ و قورسایی خۆی هەبووە لە ئەرکی نەتەوەیی، بەرگریکردن لە مافەکانی گەڵی کورد، لەم سەروبەندە چەند پارت و کۆمەڵەی سیاسی کوردی بەشێوەی نهێنی دامەزران، لاو و ڕۆشەنبیرانی ئاکرێ شوێن پەنجە، ڕۆڵی پێشەنگیان هەبووە لە دامەزراندن و نواندنی چالاکییەکانیان، لە دیارترین پارت، کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان بریتین لە:

**1-4:پارتی هیوا 1939**

لە سیەکانی سەدەی ڕابردوو ژیانی پارتایەتی و بزاڤی نەتەوەیی و نیشتمانی لە عیراق و کوردستان تا ڕادەیەکە نەش ونمای کرد، جەنگی دووەمی جیهانیش (1939 – 1945)، کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان لە زۆربەی جیهان دەبینرا، کوردستانیشی گرتەوە، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیش بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاوی نا (خۆشناو 2011، ل33)، لەم سەروبەندە لەپاڵ خەباتی چەکداری، ڕۆشەنبیران و چالاکوانانی کورد کەوتنە خۆ لەپێناو دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی وئەنجامدانی چالاکی، لە نیوەی یەکەمی مانگی ئەیلولی 1937 کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەلایەن دەستەیەك لە قوتابیانی کورد (تالەبانی 1993، ل19)، لە شاری کەرکوك ئەنجامدرا (سابیر 2006، ص317)، بە سەرۆکایەتی شاعێری بەناوبانگ یونس ڕەئوف (دلدار 1918 –1948)(دلزار 1998، ل47)، پاش گفتوگۆ و خوێندنەوەی ڕەوشی هەنوکەیی، ڕیکخراوێکی سیاسی لەژێر ناوی (کۆمەڵەی دارکەران) (حەیدەری 2004، ل41)، لەژێر ئامانجی ڕزگارکردنی میللەتی کورد و کوردستانێکی ئازاد، دامەزرا (طاهر 2007، ص137) ئەم کۆمەڵەیە تەمەنی زۆر کورت بوو، کۆتایی هاتنی تەمەنی کۆمەڵەکە بۆ مانگی حوزەیرانی 1938 دەگەڕێتەوە، پاش لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن لەبارەی فرەوانکردنی کۆمەڵەکەو گۆڕینی بە پارتێکی سیاسی گەورەتر، بە ڕازیبوون و پەسەندنی هەموو ئەندامەکانی (کریـم 2013، ل294)، لە نیسانی 1939 (دەباغ 1997، ل11)، پارتێکی سیاسی لەژێر ناوی پارتی هیوا (مزوری 2008، ص18)، بە سەرۆکایەتی (ڕەفیق حلمی 1898 – 1960)، لێکەوتەوە (طاهر 2007، ص99)، ئامانجی ئەم پارتە یەکخستنی پارچەکانی کوردستان و دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بوو بۆ گەڵی کورد .وێڕای ئەوەی کە پارتێکی نهێنی بوو، پارتی هیوا بە شێوەیەکی خێراو لە ماوەیەکی کەمدا توانی لقەکانی خۆی لە شاری بەغدا (کریـم 2013، ل294)، هەروەها لە ساڵی 1940 لە ناوچەی بادینان بە سەرکردایەتی( ساڵح یوسفی)[15] دابمەزرێنێت (شاوێس 2001، ص22)، شایەنی گوتنە ڕێکخستن و چالاکییەکانی لقی بادینان بە شێوەیەکی خێرا نەش و نمای کرد و بۆ قەزاو ناحیەکان پەلی هاوێشت ، لەوانە قەزای ئاکرێ یەکێك بوو لە مەڵبەندە گرینگەکانی خەباتی پارتی هیوا، ئەندامە دیارەکانی ئاکرێ بریتی بوون لە( سلیمان موسی ، مستەفا گەدو ، مستەفا یونس ، ئەندازیار ئەحمەد زێوکەیی، ئەحمەد محەمەد حسن، قادر موسا، خالد شەریف (خالد خەیالی)، ڕەمەزان موحسن، عەلائەدین سەعید، شەریف عەبدوڵڵا میروەیسی و محەمەد تاخی) (ئاکرە یی 2012، ل25-26)، هەروەها لە ساڵی 1942 پارتی هیوا لقی خۆی لە شاری موسڵ کردەوە، ژمارەیەك لە قوتابی و پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیری ئاکرێ وەك( سیبغەتوڵا مزوری و عەبدوڵا عومەر زێباری، ڕەمەزان حەسن و شەوکەت ئاکرەیی)ڕۆڵی پێشەنگیان هەبوو لە دامەزراندنی لقی موسڵی پارتی هیوا (البوتاني 2003، ص318).

وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە لقی موسڵی پارتی هیوا ببووە پردی بەیەکەوە بەستنی باشوری کوردستان لە گەڵ پارت و کەسایەتییە سیاسیەکانی پارچەکانی تری کوردستان (مەموزینی 2008، ل80)،هەر لەم سەرو بەندە دا ژمارەیەك لە ئەفسەرە کوردەکانی نێو سوپای عیراق لە ڕێزی ئەم پارتە خۆیان رێکخست (الحسيني 1988، ص293)، لە سەرووی هەموویانەوە میرحاج ئەحمەد (ئاکرە یی 2012، ل26)، حیفزوڵا ئیسماعیل، کە هەردووکیان خەڵکی ئاکرێ بوون (شکری 2008، ص203).

جێگای ئاماژەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چالاکییەکانی ئەم پارتە فرەوانبونی بەخۆیەوە دەبینی، دوای ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری لەلایەن مستەفا بارزانی، لە کانوونی یەکەمی 1943 پارتی هیوا بەیاننامەیەکی دەرکرد، پشتگیری خۆی بۆ بزاڤی بارزان دووپاتکردەوە (تالەبانی 1993، ل37)، ئەمە لەکاتێکدا بوو وەك لەبەشەکەی تر ئاماژە پێکرا، پێش ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری، بارزانی پەیوەندی لەگەڵ پارتی هیوا دامەزراندبوو (واندل 1997، ل172)، تەنانەت لە کاتی گەڕانەوە لە سلێمانی بۆ بارزان لە تەمموزی 1943بە یاوەری و پاڵپشتی دوو لە ئەندامانی پارتی هیوا بوو کە هەر دووکیان خەڵکی ئاکرێ بوون (نوری 1997، ل260). شایەنی باسە لقی ئاکرێ بەسەر پەرشتی (شەوکەت ئەحمەد و ئەحمەد محەمەد ...هتد) بە شێوەی نهێنی ئەرکی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و هەڵواسینی بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی هیوا لەسەر دیواری قوتابخانەو بازاڕو شوێنە گشتیەکان خستبووە ئەستۆی خۆیان (ئاکرە یی 2012، ل260)، لەم پێناوەدا هەریەك لە (عوڵا سعید و خالد شەریف) (شکری 2008، ل203-204) بە تۆمەتی ئەندام لە پارتی هیواو نواندنی چالاکی لە شاری ئاکرێ لە لایەن حکومەت دەستگیرکران، بۆ ماوەیەك زیندانیکران لە شاری بەغدا (ئاکرە یی 2012، ل260). لقی موسڵی هیوا کە زۆربەی ئەندامەکان خەڵکی ئاکرێ بوون، ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لە کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری بزاڤی بارزان و شیارکردنەوەی نەتەوەی کورد لە زوڵم و ستەمی حکومەت (مەموزینی 2008، ل80-82).هەروەها لە لایەکی تر لە 7ی ئابی 1943 دوای سەرنەگرتنی ووتوێژ لەگەڵ حکومەتی عیراق، بارزانی (میرحاج ئەحمەد ئاکرەی)ی بە نوێنەرایەتی خۆی ناردە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێنەرانی سوڤیەت کۆبیتەوە و پەیوەندی ببەستێت (هەورامی 2002، ل48)، پێشتریش لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی هەریەکە لە (میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو)لە ساڵی 1942 ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کرد، دوای ووتوێژ لەگەڵ کوردپەروەرانی ئەم پارچەیە بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی، لە ئەنجام (کۆمەڵەی ژێکاف)[16] دامەزرا (کریـم 2013، ل295).میرحاج ئاکرەیی جێگای متمانەو بڕوای بارزانی بوو، زیاتر لە هەموو ئەندامانی تری هیوا (ئەرفەع2001، 176).

دواکاتی تەمەنی پارتی هیوا بۆ ساڵی 1944 دەگەڕێتەوە، لەو ساڵەدا دوا کۆنفرانسی خۆی دەبەستێت، سەرەنجام ئەم پارتە دەبیتە دوو باڵی سەرەکی و لێك دەترازێت، باڵی ڕاستڕەو و چەپڕەو لێدەکەوێتەوە، باڵی ڕاستڕەو ماوەیەك بە ناوی (هیوا) وە کاری دەکرد بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حلمی (تالەبانی 1993، ل57)، پاش ماوەیەکی کورت و لە ساڵی 1945 لە سەروبەندێکی سەخت و دژواردا، هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکی خۆی ڕاگەیاند (زازا 2009، ل49)، هاوکات وێڕای هەڵوەشانەوە بەشێوەیەکی فەرمی میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی (مزوری 2008، ل172)،حیفزوڵا عبدوڵا (شکری 2008، ل172)، چەند ئەندامێکی تری هیوا لەسەر هەمان بەرنامەی پارتی هیوا درێژە بە چالاکییەکانی خۆیان دا (شەمزینی 1988، ل189-190)، بە درێژایی ئەم قۆناغە مێژووییە لە بارزانی دانەبڕان، پاش کۆنگرەی یەکەمی(پارتی دیموکراتی کورد)[17] لە 16ی ئابی 1946 (حسن 2015، ل124)، میرحاج ئاکرەیی ببوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو پارتە نوێیە بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی (نوری 1997، ل3).

**2-4:پارتی ڕزگاری کورد 1945.**

پاش هەڵوەشاندنەوەی پارتی هیوا کەسایەتیە دیارەکان و قوتابیانی کورد لە شوباتی 1945لە سەر پرسی کۆکردنەوەی هەموو هێزە نیشتمانی وگروپە پێشکەوتخوازەکانی باشوری کوردستان لەبەرەیەکی نیشتمانی (کریـم 2013، ل313)، کۆبوونەوەیەکی گرینگیان لە شاری بەغدا ساز دا،لە ئەنجام پارتی ڕزگاری کورد لێکەوتەوە،سەرکردایەتی ئەم پارتە پێکهاتبوو لە( ساڵح حەیدەری، نافع یونس، نوری شاوێس، ڕەشید باجەلان، نوری محەمەد ئەمین، تەها محێدین مەعروف و جەعفەر محەمەد کریم) (حەیدەری 2004، ل25)، ئەم پارتە بە ماوەیەکی کەم بە شێوەیەکی فراوان چالاکییەکانی دەست پێکرد، توانی بەشێکی زۆر لە توێژی ڕۆشنبیران و لاوان و قوتابیان و فەرمانبەرانی میری لە شارە جیاوازەکانی عیراق و باشوری کوردستان پەلکێشی نێو ڕێزەکانی خۆی بکات (البوتـاني 2001، ص 406)، لە نێویاندا ڕۆشنبیران و قوتابیانی شاری ئاکرێ ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕابوو لە یەکخستنی ڕیزەکانی پارتی ڕزگاری، لە دیارترین ئەندامەکانی پارتی ڕزگاری کورد لە شاری ئاکرێ پێکهاتبوون لە (ئەکرەم ڕەشید – بەرپرس، عەلائەدین سەعید، شەوکەت تاهیر، محەمەد خالد، سادق مەحسن، مەسعود تاهر، فائق حەجی ئەحمەد، عەزو محمد ئەمین، فازل عەزو)، لە نێو ئەمانە بەشێکیان مامۆستا و پیاوی ئایینی و فەرمانبەری میری بوون (ئاکرە یی 2012، ل260).

چالاکییەکانی پارتی ڕزگاری درێژەی نەکێشا، لە کۆتایی مانگی ئابی 1946، کونگرەی خۆی بەست (الزيباري 2017، ل8)، بەکۆی دەنگ لەسەر ڕاسپاردەی مستەفا بارزانی ، بڕیاری هەڵوەشانەوەی حزبەکەی خۆیان دا ، چوونە پاڵ پارتی دیموکراتی کورد، کە لە 16ی ئابی 1946 دامەزرابوو (طاهر 2007، ص114)، ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنەکانی ڕزگاری لە شاری ئاکرێ، بەگوێرەی بڕیاری سەرکردایەتی حزبەکەی، چوونە نێو پارتی دیموکراتی کورد، درێژەی بە خەباتی سیاسی کوردایەتی درا (الزيباري 2017، ل8).

**3-4:لیژنەی ئازادی (کۆمەڵەی ئازادی) 1945.**

دوای ئەوەی بزاڤی بارزان (1943 – 1945)، دەستی پێکرد پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری سەرکردایەتی بزاڤەکە لەگەڵ حکومەتی عیراق لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتی، هیچ هەوڵێکی ئەرێنی لێنەکەوتەوە، بە پێچەوانەوە حکومەتی عیراق خۆی سازدەدا بۆ لەناوبردنی بزاڤی کوردی، لەم سەروبەندە جگە لەو دوو پارتەی پێشتر باسکرا، بەتایبەت هیوا، هیچ چالاکییەکی سیاسی نەتەوەیی کورد لەسەر شانۆی ڕووداوەکان بوونی نەبوو. لە 15ی کانوونی دووەمی 1945 (بارزانی 2012، ل133)، پاش کۆبونەوەیەکی چڕوپڕ لەگەڵ ژمارەیەك ئەفسەرانی کوردی نێو سوپای عیراق، کە هەندێکیان پێشتر ئەندامی پارتی هیوا بوون (الزيباري 2017, ل7)، بڕیاری پێکهێنانی (لیژنەی ئازادی – کۆمەڵەی ئازادی) بە سەرۆکەیاتی مستەفا بارزانی دا (نوری 1997، ل3)، لەم کاتەدا وەك گشت قۆناغەکانی پێشوو ئاکرێ مەڵبەندێکی گرینگی جوڵەی سیاسی و ڕێکخراوەیی بوو، ڕۆلێکی گرینگی لە لیژنەی ئازادی نواندووە، لە دیارترین ئەندامانی ئاکرێ بریتی بوون لە هەریەکەلە: میرحاج ئەحمەد (کریم 1998، ص33)، حیفزوڵا ئیسماعیل (ئاکرە یی 2012، ل261)، لیژنەی ئازادی خاوەن بەرنامەیەکی تۆکمەی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی بوو، بەم جۆرە بەرنامەی خۆی داڕشتووە:

•ڕزگارکردنی کوردستان لە ڕێی ئاشتی و سیاسەتەوە.
•پێکهاتن لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ئازادیخوازانەی کوردن.
•بەرنگاری هێزی داگیرکەر (استعمار)ی دەوڵەتی عیراق.

•پێکهێنانی هێزی چەکداری (کریـم 2013، ل318).

ئاشکرایە تەمەنی ئەم لیژنەیە بە بزاڤی بارزانەوە بەستراوە، دوای هێرش و فشاری توندی حکومەتی عێراق و بریتانیا، ئەم بزاڤە لە تشرینی یەکەمی 1945 دا کۆتایی هات (کریـم 2013، ل319)، بەوەش لیژنەی ئازادی لە چالاکی وەستا، بەڵام ئەندامانی لیژنەکە بە تایبەت نوێنەرانی ئاکرێ بوونە یاوەر و هاوکاروانی بارزانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە 22ی کانوونی یەکەمی 1946، (عقراوی 2011، ص9)، بەشدار بوون لە خەباتی بەرگریکاری کۆماری کوردستان (نوری 1997، ل3).

لە کۆتاییدا ئەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، ئاکرێ لە بزاڤی پارتایەتی و ڕێکخراوەیی لە ماوەی (1943 – 1945) لە پێناو یەکبوون و یەکخستنی کوردستان، بە ئامانجی گەیشتن بەسەربەخۆیی و دەستەبەرکردنی ڕزگاری، لەپاڵ خەباتی چەکداری، کارو چالاکی سیاسی نواندوە، ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لە ووریاکردنەوەی هەستی نەتەوەیی کوردی نەك لە باشوری کوردستان بەڵکو لە پارچەکانی تریش ڕۆژهەلاتی کوردستان وەك نموونە.

**5-ئەنجام:**

**لە بارەی ڕۆلی ئاکرێ لە بزاڤی چەکداری بارزان(1943-1945) توێژەر گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

-شارۆچکەی ئاکرێ لە ڕووی جوگرافیەوە پێگەیەکی گرینگ و ستراتیژی هەیە, لەسەر ئاستی عیراق، خاڵی بەیەکەوە بەستنی ناوچەی بادینان و سۆرانە، کاریگەری راستەوخۆ ,رۆلێکی گرینگ و بنەڕەتی لە یەکلاکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بینیوە.

-لەبەرئەوەی ئاکرێ مێژوویێکی کۆنی هەیە لەبارەی ناوەکەی لەلایەن گەریدە و مێژوونوسان بیروڕای جیاوازیان هەیە،چەند گۆڕانکاریەکی بەسەر هاتووە تا بەم شێوەیە گەیشتووە. ئاکرێ ئەو ناوەیە خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لەم ڕۆژگارەدا بەکاری دەهێنێت، وشەکەش لە (ئاگر-النار)ەوە وەرگیراوە کە بۆ سەدەی حەوتەمی پ.ز دەگەڕێتەوە.

-لە نێو هەموو ئەو پێشهاتە سیاسی و سەربازییانەی چ لە سەر ئاستی عیراق و چ لەسەر ئاستی کوردستان کە لە ماوەی دوای قۆناغی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1918)ڕوویانداوە, وەك داگیرکردنی کوردستان لەلایەن بەریتانیا و بزاڤی 1919ی بادینان و بزاڤی سمکۆی شکاك لە ساڵی 1920لە رۆژهەلاتی کوردستان و هەروەها بزاڤەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان (1931-1932)و بزاڤی خەلیل خۆشەوی 1936, لە ڕووی مرۆیی و مادديیەوە شاری ئاکرێ پشتیوانی راستەقینەی خەباتی کوردایەتی بوو, لەم پێناوەدا ووزە و قوربانییەکی زۆری بەخشیوە.

-لە دوای هەڵگیرسانی بزاڤی بارزان (1943-1945) ئاکرێ ببووە گۆڕەپان و چەقی ململانێی نێوان شۆرشگێران و حکوومەتی عیراق , رۆلێکی گرینگی گێراوە لە یەکلاکردنەوەی بارودۆخەکە , لەم بزاڤە خەڵکی ناوچەکە لە خەباتی سەربازی بەشدارییەکی کارا و بنەرەتی کردووە دژی حکومەتی عیراق, دەیان چالاکی لەشکریان ئەنجامداووە. هاوکات یارمەتی و هاوکاری خەلکی ئاکرێ رۆلێکی باشی هەبوو لە کۆمەککردنی بزاڤەکە کە خۆی لەدابین کردنی خۆراك و کەل و پەل و پێداویستیەکانی شۆڕشگێڕان دەبینیەوە, لەم پێناوەدا چەندان کەسیان لەلایەن حوکمەتی عیراق بە زیندان و لە سێدارەدان سزادراوون.

-هەرچەند بزاڤی بارزان (1943-1945) نەگەیشتە ئامانجی سەرەکی خۆی بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی دەرەکی ,خراپی نیازی حکومەتی عیراق بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە رێگای ئاشتی, بزاڤەکە چەندین داستان و چالاکیی گەورە و کەم وێنەی تۆمار کرد بە جۆرێك لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەنگدانەوەی گەورەی لێکەوتبووەوە .

-نەبوونی هەستی نەتەوەیی و ناپاکیکردنی هەندێك لەسەرۆك هۆزەکانی ئاکرێ کە هەر لە ڕۆژانی سەرەتایی پاڵیاندابوو بە حکومەتی عیراق دژ بزاڤی بارزان تا دوا قۆناغ نە گەڕانەوە نێو بازنەی نەتەوایەتی،هۆکارێکی گەورەی شکستی بزاڤەکە بوو.

-لەم ماوە مێژوویە (1943-1945) ئاکرێ لە ڕێگای ڕێکخستنە نەهێنیەکان و ڕێکخراوە سیاسیەکانی وەک پارتی هیوا و رزگاری و لێژنەی ئازادی, رۆلێکی گرینگی لە سازدان و هاندانی جەماوەر بۆ پاڵ بزاڤەکە ،ووشیار کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی, ئەنجامدانی چالاکی سیاسی دژ بە حکومەت نواندووە.

## 6-پەڕاوێزەکان:

1-زەردەشت: زەردەشت ڕابەری ئایینی زەردەشتە، لە خێزانێك لە بنچەی سولتانەکانی ماد (700 – 550 پ.ز)،لە نزیك دەریاچەی ورمێ لە ئازربایجان لە دایك بووە، دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ساسانیەکان لە ساڵی 224ز لە لایەن ئەردەشێری کوڕی بابك (224 – 242ز)، ئاینزای زەردەشتی بووە ئایینی فەرمی ئێران... بۆ زیاتر بڕوانە(ئابانی 2002, ل58-61).

2-ئارنۆڵد تابلۆد وڵسن: لەدایك بووی ساڵی 1884 لە بەریتانیا، کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، لەریزی سوپای بەریتانیا لە هندستان کاری کردوە، پاشان لە ئێران کاری کردووە، لە ساڵی 1915بەدواوە لە عیراق کاری کردووە لە نیوان ساڵانی(1918ـ1920) حاکمی مەدەنی بوو لە عیراق، پاشان گەراوەتەوە بەریتانیا، لە ئایاری 1940لە شەرێکدا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا کوژرا....هتد ( محمود،2017.ل34)

3 -عەشیرەتی گویان : یەکێکە لە عەشیرەتەکانی کۆنی کورد لە ناوچە سنورییەکانی زاخو هەڵکەوتووە، لە 4ی نیسانی 1919 (کاپتن ئەی سی پێرسون) یاریدەدەری حاکمی سیاسی بەریتانی لە زاخۆ لەسەردەستی (مستو شەهو) لەسەر ڕاسپاردەی (حسو دینو) سەرۆك عەشیرەتی گویان کوژرا ...بۆ زیاتر بڕوانە (ڕێکانی 2019، ل782)

4-فارس ئاغا زێباری: فارس محەمەد مستەفا ئاغای زێبار، دایکبوی ساڵی 1881، ناوبراو لەدوای باوکی سەرۆکایەتی هۆزی زێبار گرتە دەست خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرز بوو ،هەردوو خولی حەوتەم 27-2-1937- 27-6-1937 و خولی هەشتەم 30کانونی 1937-22ی شوباتی 1939ی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی عیراق، بەنوێنەرایەتی لیوای موسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجومەن،لە شوباتی1941 کچی دوایی کردوە (الخوریکی 2006، ص531)

5-گوندی بارزان: کەوتووتە ئەوپەری باکووری کوردستانی عیراق، لە ناو سنووری پارێزگای هەولێر، مەڵبەندی ناوچەکە مێرگەسۆرە، بەسەر سی ناحیە دابەشکراوە، سنووری رۆژهەڵاتی قەزای رواندزە، لای رۆژئاوا قەزای ئامیدیە، باشور قەزای ئاکرێ یە، باکوریشی سنووری تورکیایە، ناوچەیکی شاخاوی سەختەو زێی گەورە بەناوی ێدەپەری... (عوسمان 2021، ل13)

6 -گوندی بیرەکەپیرا:دەکەوێتە بناری چیای پێرس لەباکووری ڕۆژهەلاتی قەزای ئاکرێ،بە دووری 45کم لەناوەندی قەزای ئاکرێ.(توێژەر)

7-شێخ رەقیب کوری شێخ محەمەد بجیلی کوری شێخ ئەحمەدی کولەکە, لەدایکبووی ساڵی 1885 یەکێکە لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی سورچی، لە دوای کۆچی دوایی باوکی دەسەلاتی سیاسی و ئاینی عەشیرەتەکەی دەگرێتە ئەستۆ، خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز بووە لە ناوچەی بجیل و هەریر و دەڤەری سورچی لە رۆژهەلاتی ئاکرێ... (ڕێکانی 2019، ل397-410).

8- محمود ئاغا زێبار: لە ساڵی 1880 لەناوچەی زێبار لەدایك بووە, لەدوای کۆچی دوایی فارس ئاغای براگەورەی لە ساڵی 1941،دەبێتە سەرۆکی عەشیرەتی زێبار, ناوبراو لە خولی یانزە(1947-1948), دوانزە (1948-1952)و سێزدە (1953-1954) وە چوارده (22-7-1954 – 3-8-1954) و پانزە (1954-1958) شانزە (1958) ئەندانی ئەنجومەمی نوێنەرانی عیراق بوو بە نوێنەرایەتی لیوای موسڵ لەسەر پێشنیاری ناوبراو نەخۆشخانەی ئاکرێ و قوتابخانەیەك و چەندان پرۆژەی تر لەلایەن حوکمەتی پاشایەتی عیراق دروست کران، لە 10ی ئاداری 1975 کۆچی دوایی کرد. (زیـباری 2012, ل٢١).

9-بەکر سدقی: (1890ـ1937) ئەفسەرێکی کوردی نێو سوپای عیراق بوو، چەندان پۆستی سەربازی برپوە ،لە ساڵی 1936 توانی بە کودەتایەکی سەربازی کۆتایی بە حکوومەتی (یاسین هاشمی) بهێنێت، لەماوەی (29ی تشرینی یەکەمی1936ـ17ی ئابی 1937) دەسەڵات بگرێتە دەست . ئەمە یەکەم کودەتای سەربازی بوو لە مێژووی عیراق،بەردەوام بوو لە دەسەلات تاوەکو کوژرانی لە ئابی 1937 (حمید و احمد 1997، ص103).

10- ماجد مستەفا : ساڵی 1896 لە سلێمانی لە دایك بووە , پلەکانی خوێندنی هەر لەو شارە تەواو کردوە , دواتر گەلێك پۆستی لە حوکمەتی عیراق وەرگرتووە لەوانە : بەرێوەبەراتی ناحیە , قائیمقام و موتەسەریف، لە ساڵی 1942 چەند جارێك بووە وەزیر، ساڵی 1974 لە بەغداد کۆچی دوایی کردوە. (باوەر 2014, ل60).

11-شەری پارتیزانی: بریتی یە لە لێدان و راکردن کە شێوازێکە لە شێوازەکانی شەڕ کەجۆرە تایبەتمەندی خۆی هەیە بریتیە لەو شەرانەی کە لەنێوان هێزە نیزامیەکان و هەندێك پێکهاتە و گروپی چەکدار ڕوودەدات، پارتیزانەکانی ئەم جۆرە شەڕانە پێیان دەوترێ گەریلا، بۆ شەری پارتیزانی زیاتر ناوجەنگەڵ و دۆڵ و کێوی سەخت هەڵدەبژێردرێت وەك شوێن و جێگای حەوانەوە، شەری پارتیزانی شەرێکی ترسناك و خوێناوییە و فاکتەرێکی کاریگەرە بۆداروخانی ورەی لایەنی بەرامبەر، باشترین تەمەنی گەریلا بریتیە لە 35ساڵ خاوەن تەندروستێکی باش و بیروباوەرێکی شۆرەشگێری بێت بۆ ئامانجێکی دیاری کراو (عبدالرحمان 2010، ل11)

12- دۆلی شیڤە هرچ: ناوچەیەکی سەخت و فراوانە،دەکەوێتە بناری چیای ئاکرێ لە باکووری قەزای ئاکرێ، بەدوری ٣٥کم.(توێژەر)

13-چیای پیرس: چیایەکی سەختە،دەکەوێتە سنووری عەشیرەتی زێبار لە ناحیەی دینارتە، پێکهاتووە لە زنجیرە چیایەك، لە بەرەی رۆژهەڵاتەوە قەزای رەواندزەوە،لە رۆژئاوەی قەزای ئامێدی، لە باکوری ناوچەی بارزان و قەزای ئاکرێ هەڵکەوتووە.(توێژەر)

14- گوندی هوکێ: دەکەوێتە ناوەندی سنوری عەشیرەتی زێبار، بەدووری نزیکەی ٥٥کم لە ناوەندی قەزای ئاکرێ. (توێژەر)

15-ساڵح یوسفی: سیاسەتمەدارێکی کوردبوو، لەدایك بووی ساڵ1918 لە گوندی بامەرنی قەزای ئامێدی ، لە ساڵی 1943 کۆلێژی(دار العلوم) لە بەغدا تەواو دەکا، ئەندامی پارتی هیوا بوو لەساڵی 1939 ، دواتر دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی -عیراق، ماوەیەك سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژی کوردستان) بوو، لە ساڵی 1981بەهۆی نامەیکی بۆمبرێژکراو لەلایەن حکومەتی عیراقەوە لە بەغدا گیانی لە دەستدا.. (کریـم 2013، ل299)

16-کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژێ ـ کاف): لە ژێرکاریگەری ئەو گۆرانکارییە سەربازی و سیاسیانەی کەلە ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانی(1939ـ1945)، بە سەر ئیران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا هات بەتایبەتی دوای کشانەوەی سوپای ئیران لە رۆژهەڵاتی کوردستان ،ئەم کومەڵەیە لە بەرواری16ئابی 1942 لە شاری مەهاباد دامەزرا، ئامانجی رزگاری میللەتی کورد بوو، ئەم کۆمەڵەیە بەشێوەیکی خێرا و لەماوەیکی کەمدا جگە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، توانی لقەکانی خۆی لە باشوری کوردستان وەك سلێمانی و کەرکوك بکاتەوە، تەنانەت سنووری چالاکییەکانی ناوچەکان بەغدا و موسڵی گرتەوە (ئەحمەد 2017، ل90-91).

17- دەستەی دامەزرێنەر بریتی بوون لە:(مستەفا بارزانی ـ سەروك و هەمزە عەبدوڵا و میرحاج ئەحمەد و نوری ئەحمەد و مستەفا خوشناو و محەمەد مەحمود قودسی و خەیروڵا عەبدولکەریم و عیزەت عەبدولعەزیز)بو زیاتر بڕوانە (الزيباري 2017، ل16).

**7- لیستی سەرچاوەکان:**

**1-نامە بڵاو نەکراوەکان و دیدارەکان:**

**أ-نامە بڵاو نەکراوەکان:**

**1- نامە بڵاو نەکراوە کوردییەکان:**


ئەحمەد،کۆرەك حسن (٢٠١٧)، قەزای شەقڵاوە لە سەردەمی پاشایەتی (1921 ـ 1958) توێژینەوەیەکی مێژوویە دەربارەی لایەنی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، ماستەر نامە (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب ـ بەشی مێژوو ـ زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر.

زیباری، دلاور محمد صدیق ئەحمەد (٢٠١٧)، ڕۆڵی پارتی دیمکراتی کوردستانی عیراق لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان 1976 – 1991، لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراو، زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو ،هەولێر.

حسن، ئارەزوو یوسف (٢٠١٥)، ڕۆڵی ئۆرگانی ناوەندی پارتەکان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد 1975 – 1991، (پ.ك.ع) (پ.د.ك) (ی.ن.ك) وەك نمونە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراو)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

مەحمود،زیاد نعمان (٢٠١٧)، خانەقین لە نێوان ساڵانی(1918ـ1958) لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی، نامەی ماستەی(بڵاونەکراو)، زانکۆی سەلاحە ددین، کۆلێژی ئاداب- بەشی میژوو، هەولێر.


**2- نامە بڵاو نەکراوە عەرەبییەکان:**


صابر، سروە اسعد (١٩٩٩) ، کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولى الى نهایة مشكلة موسڵ (1914 – 1926) (دراسة تاریخیة – سیاسیة) رساڵة ماجستیر – غیر منشورة، كلیة اداب، جامعة صلاح الدین، اربیل.

على، ماجد حسن (٢٠٠٨)، الحركة الطلابیه في العراق 1936 – 1970، رساڵة ماجستیر -غیر منشورة – كلیة اداب – جامعة صلاح الدین،اربیل.

كریم، عمر محمد (٢٠٠٩)، القضیة الكردیة في سیاسة الحكومات العراقیة (1932 – 1945)، اطروحة دكتورا -غیر منشورة ، جامعة سانت كلیمینتس، بغداد.


**2-یاداشت:**

**أ-زمانی کوردی:**


دلزار، ئەحمەد (١٩٩٨)، پاشکۆی بیرەوەرییەکانم، چ1، هەولێر.

زێباری، رزا زبیر (٢٠١٢)، زیباری و دیرۆك (ڕاستی و ڕویدان)، چ2، چاپخانەی هاوار.


**ب- زمانی عەرەبی:**


حیدری، صالح (٢٠٠٤)، مختارات من مذكرات صالح حیدری، ط1، سلیمانیة.

شاوێس، نوری (٢٠٠١)، من مذكراتي، من منشورات حزب الشعب الكردستاني، اربیل.


**3-کتێبەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی:**


احسانی، علي اصغر (٢٠٠٨) ، بارزانی و پاشەکشێی بارزانیەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهوك.

باجگر، د.نوزاد یحیی (بێ ساڵ)، بارزان و زێبار لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، و: ئاشتی رەحمان، ب2، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان خانەی بەڵگەکان، هەولێر.

بارزانی، مسعود (٢٠١٢)، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم 1931 – 1958، هەولێر.

باوەر، ئەحمەد (٢٠١٤)، دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و ئێراندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی، سەردەم، سلێمانی.

بەرزنجی، مەنسوری شێخ رەئوف (٢٠٠١)، چەند ڕاستیەکی مێژوویی لە بارەی شێخ عبدالسلام بارزانی و شۆڕشەکانی تری بارزان تا 1945، چاپخانەی خەبات، دهوك.

پاشا ،جمیل (٢٠٠٧)، دۆزی کوردستان، چ3، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بیر، دیاربکر.

پورزوویی، موجتەبا (٢٠٠٥)، بارودۆخی سیاسی کوردستان 1880 – 1946، و: نازدار محمد عبدالقادر، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

پیسیان، نەجەف قولی (١٩٩٦)، لە مهابادی خوێناویەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس، و: شەوکەت شێخ یەزدین، چ1، هەولێر.

تریب، چارلس (٢٠١٠)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عیراق، و: محمد حسین ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

تەتەر، علی (٢٠١٢)، چەند ڤەکولینەك لدوور مێژوویا کورد و کوردستانی، ب1، چ1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

جوەید،وەدیع (٢٠٠٣)، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، و: د.یاسین سەردەشتی، چ1، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

جیاووك، معروف (٢٠٠٨)، کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو 1954، و: ئەبو بەکر ساڵح ئیسماعیل، چ1، چاپخانەی خانی، دهۆك.

حسین، فاضل (٢٠٠٧)، کێشەی ویلایەتی موسڵ، و: محمد شاكلی، چ2، چاپخانەی ڕۆژ، کەرکوك.

حسین،فازل و ئەوانی تر (٢٠١٤)، مێژوویا عیراقا هەڤچەرخ، و: شەفین محمد حسین بنافی، چاپخانا پارێزگا دهۆك، دهۆك.

دەباغ، فەیسەل (١٩٩٧)، حزبی هیواو شۆڕشی 1943 – 1945ی بارزان، چ1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ڕێکانی، هێرش کمال (٢٠١٩)، عەشیرەتێن بەهدینان (1514 – 1919) دانە نیاسینا جوگرافی و کورتەیەك ژ دیرۆکان)، چ1، سەنتەرێ بێشکچی، دهوك.

رەمەزان، جوهر علی و عزیز ، کمال (٢٠١٢)، ئاکرێ د پرۆژەیا وەبەرهێنانێ دا، چاپێ ئێکێ، چاپخانا ڕۆژهەلات، هەولێر.

زازا، حەسەن (٢٠٠٩)، عیراق – لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووە سیاسیەکەی و پارت و ڕێکخستنەکان لە 1908 – 2005، و:ئامانج نعمەت، چ1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

زاکین، دکتور موردیخای (٢٠١٥)، جوڵەکەکانی کوردستان (مێژووی ژیان و پەیوەندییان لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا)، و: سیروان حسین بیەیی، چ1، هەولێر.

زەربەخەت، مورتەزا (٢٠٠١)، لە کوردستانی عیراقەوە هەتا ئەو پەڕی ڕووباری ئاراس، و: شەوکەت شێخ یەزدین، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
سەجادی، عەلائەدین (٢٠١٧)، شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عیراق، چ1.
سەرنی، مەسعود (٢٠١٢)، ژ کلتوری بارزانی نەمر، چ1، چاپخانەی خانێ، دهۆك.
شریف، هاوکار کریم محمد (٢٠١٢)، شۆڕشی ئەیلول - لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لە ڕێکخستن و چالاکییە سەربازیەکان،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
شیروانی، هاشم (٢٠٠٨)، دەڤەری بارزان (جوگرافیا - دیرۆك - کەلتور)، چ1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر.
شیسمەن، پاول ـ و ـ ملا ئیبراهیم ، د.خوشەوی (٢٠٠٤)، ژیان و ڕێبازی ملا مستەفا بارزانی، و: کازم شەدادی، چ1، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
شەمزینی، عزیز (١٩٨٨)، جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کورد، و؛ فەرید ئەسەسەرد، چ3، سلێمانی.
صالح، یاسین صابر (٢٠٠٥)، ئینسکلوپیدیای گشتی، چ1، سلێمانی.
عەبدوڵلا ، نەجاتی (وەرگێڕ) (٢٠١٠)، ڕاپەڕینەکانی بارزان لە بەڵگەنامە نەهێنیەکانی هەردوو حکومەتی فەڕەنساو بریتانیادا 1931 - 1941، چ1، هەولێر.
عوسمان ،دیدار (٢٠٢١)، مێژووی بارزان لە شێخ عبدالسلامی یەکەمەوە تاکۆتای ژیانی شێخ عبدالسلامی دووەم، چ1، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای فەرهەنگی و هونەری و راگەیاندنی ڕێژیار.
علی، عوسمان (٢٠١٣)، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، و: کامەران جەمال بابا زادە، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
علی، عوسمان (٢٠١٠)،چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، کامەران جمال بابان زادە، چ1، ب2، ب.ش.
قاسملو، عبدالرحمان (٢٠٠٧)، کوردستان و کورد، و: عبدالله حسن زادە، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
قەرەداغی، مەعروف (١٩٥٩)، بارزانی و نهێنیەکانی، بغداد.
کریم، عبدالخالید سابیر (٢٠١٣)، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو پڕۆگرامەکانی کۆمەڵەو (جمعیەت) و حزبە کوردییەکان و کاریگەرییان لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردیدا (1919 - 1945) ، سلێمانی
کوچێرا، کریس (٢٠١١)، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا و: جمعە کریم عارف، چ6، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
گورانی، علی سیدو (٢٠٠٠)، لە عەممانەوە بۆ ئامێدی گەشتێك بە کوردستانی باشووردا، و: تالیب بەرزنجی، سلیمانی.
گۆران، خسرۆ (٢٠٠٤)، کورد لە پارێزگای موسڵ، چ1، هەولێر.
گەوهەری، حامید (٢٠١٤)، ئیدریس بارزانی و بارزانیەکان باشتر بناسین، چ1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
ماکداول، دیفید (٢٠٠٨)، مێژووی هاچەرخی کورد، و: حامید رەشید زەرزا، چ1، ئوفیسی تیشک،سلێمانی.
مام خول، رفیق رحمان (٢٠١٣)، مستەفا بارزانی ڕۆل و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا 1958 - 1970، چ2، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
موکریانی، هەژار (٢٠١٣)، بارزانی، چ1، ب1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر - 1998، ل14، رفیق مام خول.
مەدەنی، حسین (٢٠٠٩)، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهە لا ت، هەولێر.
سعید مەموزینی(٢٠٠٨)، کوردو موسڵ لەدوای ئازادی، چ1، چاپخانەی منارە - هەولێر.
هوستانی، ولی زبیر (٢٠١٧)، چەند داستان و ڕووداو و بەسەرهاتێك لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا، چ1، هەولێر.
هەروتی، سعدی عوسمان (٢٠٠٦)، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
هەورامی، ئەفراسیاو (٢٠١٢)، مستەفا بارزانی لە هندێك بەڵگەنامەو دیکۆمێنتی سوفیەتیدا 1945 - 1957 یا ن تۆمارێکی زێڕین لە مێژووی گەڵی کورد، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەلێر.
وڵسن، سێر ئارنولد (٢٠١٠)، شۆڕشەکەی عیراق، و: سەرحەت ئەحمەد، چ1، چاپخانا خانێ، هەولێر.
ئابانی، عبدالله موبلغی (٢٠٠٢)، مێژووی ئاینی زەردەشت، و: وریا قانع، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
ئاکرەیی، حیکمەت ملا یاسین (٢٠١٢)، ئاکرێ د ڕوپەلێن دیرۆکی دا، چ1، چاپخانێ، دهوك.
ئەبو بەکر، ئەحمەد عوسمان (٢٠٠٥)، کورد و کوردستان لە کۆمەڵە ووتارێکی مێژوویدا، و: ئازاد عوبێد، چ1، هەولێر.
ئەبو بەکر، عبدولرەحمان ملا حەبیب (٢٠٠١)، عەشیرەتی بارزان 1931- 1991، چ1، چاپخانا وەزارەتێ ڕۆشنبیری، هەولێر.
ئەرفەع، حەسەن (٢٠٠١)، کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی، و؛ سەردار ئەحمەد، چ1، سلێمانی.

**ب -بە زمانی عەرەبی:**

البارزانی،عزیز حسن عزیز (٢٠٠٢)، الحرکة القومیة الکردیة التحرریه في کردستان العراق 1939 - 1945، ط 1، مطبعة وزارة التربیة، هەولێر.
باقر،طه ـ و ـ سفر، فوئاد (١٩٦٦)، المرشد الی مواطن الاثار والحضارة - الرحلة الثالثه، بغداد.
بابان، جمال (١٩٧٦)، اصول اسماء المدن المواقع العراقیة ، ج1، بغداد.
بصری، میر (د.ت)، اعلام السیاسة في العراق الحدیث، ط 1، دارالحکمة.
البوتانی، عبدالفتاح علی یحیی (٢٠٠٣)، الحیاة الحزبیة في الموسڵ 1926 - 1958، ط1، مطبع وزارة التربیة، اربیل.
البوتانی، عبدالفتاح علی (٢٠٠١)، وثائق الحرکة القومیة الکردیة التحرریة، ط1، اربیل.
البیاتی، عبدالرحمن ادریس صالح (٢٠١٠)، سیاسة بریتانیا تجاه کرد العراق 1914- 1932، مطبعة شفان، السلیمانیه.
جرجیس، عبدالجبار (١٩٧٥)، دلیل الموسڵ العام ، ط1، نینوی.
جمبد شکری، ئاکرێ (٢٠٠٨)، (عقرة) في عهد الملکي، ط1، مطبعة حاجی هاشم، أربیل.
جندی، خەلیل (١٩٩٤)، حرکات التحرر الکردستان الجنوبی 1939 - 1950، ط 1، ستوکهولم.

الحسني، عبدالرزاق (١٩٨٨)، تاريخ ا الوزارات العراقية، ج6، ط 7، بغداد.
الحسيني، عبدالرزاق (١٩٨٣)، تاريخ الاحزاب السياسية العراقية، ط2، لبنان – بيروت.
الحسيني، السيد عبدالرزاق (١٩٣٥)، العراق في دوري ألاحتلال والانتداب، دار الراية البيضاء، لبنان – بيروت.
الحسيني، عبدالرزاق (١٩٨٢)، التاريخ الوزارة العراقية، ط1، ج3، بيروت.
الحسيني، عبدالرزاق (١٩٥٨)، العراق قديما و حديثا، ط3، لبنان.
الحموي، ياقوت (١٩٩٥)، المعجم البلدان، ج4، بيروت.
خليل، عادل غفور (٢٠٠١)، احزاب المعارضة في العراق السرية والعلنية، بيروت.
الدرة، مەحمود (١٩٦٦)، القضية الكردية، ط2، منشورات دارالطليعة، بيروت.
الدوسكى، كاميران عبدالصمد (٢٠٠٧)، بهدينان في أواخر العصر العثماني (1876 – 1914)، ط 1 ، دهوك.
دوسكى، هوزان سلێمان (٢٠٠٥)، جمهورية الكوردستان 22 كانون الثانى 1946 – 17 كانون الاول 1946، دراسة تاريخيه سياسيه، ط 1، اربيل.
رؤوف، عماد عبدالسلام (٢٠٠٨)، درسات وثائقية فى تاريخ الكرد الحديث وحضاراتهم، ط1، اربيل.
الزبيدى، ليث عبدال مەحسن (١٩٨١)، ثورة 14 تموز في العراق، ط1، منشورات مكتبة العربيه، بغداد.
الصويركي ،محمد على (٢٠٠٦)، معجم الاعلام الكرد فى تاريخ الاسلامى والعصر الحديث فى كردستان و خارجها،السليمانية.
صابر ،سروه اسعد (٢٠٠٦)، كردستان الجنوبية 1926 – 1939 دراسة تاريخيه سياسية، ط1، سلێمانى.
شريف، عبدالستار طاهر (٢٠٠٧)، الجمعيات والمنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن 1908 – 1958، ط2، سليمانية.
شيرزاد، محمد (١٩٤٦)، نضال الاكراد، القاهرة.
صالح، زكى (١٩٥٣)، مقدمة في دراسة العراق المعاصر، ط1، مطبعة الرابطة، بغداد.
العقيلى، عبدالعزيز (١٩٥٦)، تاريخ الحركات بارزان الاولى عام 1931، ط1، بغداد.
العمرى، محمد طاهر (١٩٢٥)، التاريخ مقدرات العراق السياسية، ط2، مطبعة دار السلام، بغداد.
عيسى، حاميد مەحمود (٢٠٠٥)، القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي (1914 – 2004)،ط 1، قاهرة.
القلقشندى، ئەحمەد بن على (١٩٨٧)، صبح الأعشى في صناعة الانتشار،ج4، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت.
قفطان، كاوس (٢٠٠٣)، الانتفاضات البارزانية، ط 1، مطبعة وزارة التربية، أربيل.
الكردى، حمد على الصويركى (٢٠٠٨)، الموسوعة الكبرى عشائر الكرد عبر التاريخ، ط1، ج3، الدار العربيه، بيروت.
كريم ، حبيب محمد (١٩٨٨)، تاريخ حزب الديمقراطى الكردستانى -العراق في محطات رئيسية 1946 – 1993، مطبعة خەبات، دهوك.
المايى، انور (٢٠١١)، الأكراد في بهدينان، ط3،دهوك.
محمد،غانم ـ و ـ البوتانى (٢٠٠٨)، بدالفتاح على ، الكرد والاحداث الوطنية خلال (عهد الملكى (1921 – 1958)، ط1،مطبعة دار الزمان، ديمشق – سوريا.
محسن، محمد (٢٠٠١)، المتولي كرد العراق منذ الحرب العالمية الأولى عام 1914 حتى سقوط الملكية في العراق عام 1958، ط1، دار العربية، بيروت.
مزورى، هلبين محمد امين (٢٠٠٨)، حزب هيوا (الأمل) 1939 – 1946، دراسة تاريخيه سياسية، ط1، مطبعة حاجى هاشم، اربيل.
مظهر ، كمال احمد (١٩٨٧)، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقيه، بغداد.
حميد،جعفر عباس وئەحمەد، د. ابراهيم خەليل (١٩٩٧)، تاريخ العراق المعاصر.
واندل، جوناثان (١٩٩٧)، امه في شقاق دروب كردستان كما سلكتها، ت :فادى حمود، ط1، بيروت.
ئاكرەيى، فايق ابو زيد سليم (١٩٩٩)، دليل ئاكرێ السياحى، هەولێر.

**ب-ديدارەكان**:

چاوپێكەوتن لەگەڵ حەجى محەمەد ئەيوب زێبارى، 2021/2/1، دينارتە، حەجى محمد ئەيوب: لەدايكبووى ساڵى ١٩٣٨،لەگوندى چاربوت لەدەڤەرى زێبار، ،وەك خوبەخش لەرێزەكانى شورەشى ئەيلول(١٩٦١-١٩٧٥) خەباتيكردووە ، رۆلێكى گرينگ هەبووە لەدابينكردنى خوراك و كومەككردنى شۆرش، لەدواى نسكۆى ١٩٧٥،خەريكى كارى كشتوكاڵى بووە،لە ڕاپەرينى بەهارى ١٩٩١و ئازادكردنى ناحيەى دينارتە بەشدارى كردووە، ئێستا دانيشتووى گوندى گريبشە سەربە ناحيەى دينارتە.

چاوپێكەوتن لەگەڵ جمعا حەجى نەبى چاربوتى، 2021/3/13، دينارتە. حەجى جمعا چاربووتى: حەجى جمعا نەبى لەدايكبووى ساڵى ١٩٤٠،لەگوندى چاربووت لەدەڤەرى زێبار ، ،وەك خوبەخش لەرێزەكانى شۆرشى ئەيلول(١٩٦١-١٩٧٥) خەباتيكردووە ، رۆلێكى گرينگ هەبووە لەدابينكردنى خۆراك و كومەككردنى شۆرش، لەدواى نسكۆى ١٩٧٥،خەريكى كارى كشتوكالى و ئاژەلدارى بووە،مختارى گوندى چاربووتە،ئێستا دانيشتووى ناحيەى دينارتە.

چاوپێكەوتن لەگەڵ حەجى يوسف مستەفا، 2021/3/1، دينارتە،حەجى يوسف چالى: حەجى يوسف مستەفا لەدايكبووى ساڵى ١٩٢٩،لەگوندى جاليى لەدەڤەرى زێبار، كەسێكى نزيك بووە لە ئاغاكانى زێبار،وەك خوبەخش لەرێزەكانى شۆرشى ئەيلول(١٩٦١-١٩٧٥) خەباتيكردووە، لەدواى نسكۆى ١٩٧٥،خەريكى كارى كشتوكالى و ئاژەلدارى بووە،ئێستا دانيشتووى گوندى سەركەلييە سەربە ناحيەى دينارتە.

**4- ڕۆژنامەو گۆڤارەكان:**

**أ-ڕۆژنامەكان:**

برايەتى"رۆژنامە"، ژ: 2232، دووشەممە 1991/12/12.
برايەتى"رۆژنامە"، ژ: 2261، 199/1/23.
برايەتى"رۆژنامە"، ژ: 2230، 1996/12/22.

برایەتی"رۆژنامە"، ژ: 2217، 1996/11/21.
برایەتی"رۆژنامە"، ژ: 2232، 1996/12/12.
ژ – بیلال، بزوتنەوەی خەلیل خوشەوی، برایەتی"رۆژنامە"، ژ: 2238، 1996/12/22.
برایەتی، رۆژنامە، ژ: 2244، 1996/12/30.
معروف، كەمال نوری (١٩٩٥)، شێخ مەحمود ئەو گەورە پیاوەی كورد، برایەتی"رۆژنامە"،ژ2146.

**ب-گۆڤار:**

البوتاني، عبدالفتاح علي (٢٠٠٠)، الاشوري في العدد من الوثائق الحكومة العراقية، گولان العربي"مجلة"،عدد (55)، اربيل – كانوون الاول.
تالەبانی، موكەرم (١٩٩٣)، كۆمەڵەی داركەرو پارتی هیوا چوون دامەزرا، ڕەنگین "گۆڤار"، ژ: 52، بغدا.
دەشتی،تارا محمد (٢٠١١)، ڕەوتی ژیان و بەرهەمەكانی یاقوت حەمەوی، مێژوو"گۆڤار"، ژ،(17)، زستانی.
عبدالرحمان،قارەمانحیدر (٢٠١٠)، شەری پارتیزانی لەماوەی شۆرەشی ئەیلولدا، مێژوو"گۆڤار"ژ:14، چاپخانەی گۆڤار، ساڵی چوارەم ـ هەولێر.
خۆشناو، شوان محمد امین (٢٠١١)، بارودۆخی سیاسی هەولێر لە پارت و ڕیكخراوە سیاسیەكان و ڕووداوەكاندا 1939 – 1958، مێژوو "گۆڤار"، ژ: 18، ساڵی پێنجەم، هەولێر.
ڕۆژبەیانی، جەمیل (١٩٩٥)، كورتەی مێژووی ئاكرێ ،ڕەنگین "گۆڤار"، بەغدا ، ژ: (1851)
سندی، ئەبو زەید مستەفا (١٩٦١)، ئاكرێ، ڕوناهی"گۆڤار"،ژ:(4)
سعید ،سلێمان صنعان (٢٠١١)، دۆزی كورد لە جەنگی یەكەمی جیهانیەوە تاكوو پەیماننامەی لۆزان(1914-1923ز)،مێژوو"گۆڤار" ،ژ:18،چاپخانەی رۆژهەلات هەولێر.
عەبدوڵا، حمال (١٩٩٥)، بادەكا ئاكرێ، دهوك"گۆڤار"، ژ:(3)
عقراوی، هاشم (٢٠١١)، صوت كردستان "مجلة"، عدد:(777)
قادر، علی محمد (٢٠١١)، حركات بهدینان ضد الأستعمار البريطاني بعد الحرب العالمية الاولى 1918 – 1920، زاخو"مجلة"، جامعة زاخو، العدد:(2)
مێژوو"گۆڤار" ،ژ:(17)
یاسین، حیكمەت ملا (٢٠١٤)، ئاكرێ ل سەردەمێ جەنگێ جیهانی ئێكێ، سیپە"گۆڤار"، ژ:( 55).
یاسین، حیكمەت ملا (٢٠١٤)، ئاكرێ لە سەردەمی جەنگی جیهانی ئێكێ، سیپە"گۆڤار"، ژ:( 56).

## دور العقرة في الحركة المسلحة بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥)

**دلاورمحمد صديق الزيبارى**
قسم التاريخ-كليه اداب جامعـه سلاح الددين- اربيل
dilawar.sadeeq@su.edu.krd

**ملخص**

عرف قضاء آكري كمنطقة مهمة وإستراتيجية في تاريخ حركة تحرر شعب الكورد المستمرة في النضال، مرحلة ( ١٩٤٣-١٩٤٥) أحد المراحل المهمة التي مرت بها مدينة آكري ، عرفت هذه المرحلة بأهم مرحلة في مراحل حركة التحرر الكردي ، إذ أصبحت مدينه آكري في هذه الفترة مركز صراع بين الثوار والحكومة العراقية ، وقد كان لها دور رئيسي في حسم الأحداث في هذه الفترة من التاريخ.

إهتم هذا البحث بدور آكري لحركة المسلحة بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) ، تضمن هذا البحث تمهيد ومبحثين رئيسيين،لتمهيد عبارة عن عرض سريع للموقع الجغرافي لمدينة آكري ، إسمها عبر مراحل مختلفة من التاريخ، وأيضاً يبحث عن دورها في حركة تحرر شعب الكوردي قبل الحركة المسلحة بارزان ١٩٤٣. وقد إختص المبحث الاول البحث عن دور سكان عقرة في الحركة المسلحة في بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) ، كما وركز على مشاركة أهالي آكري من الناحية العسكرية وتقديم المؤنة لهم إذ كان لهم دور رئيسي من هذه الناحية ، وأيضاً المواقف الإيجابية والسلبية لزعماء القبائل في آكري، وأبرز النشاطات العسكرية ضد الحكومة العراقية. وإهتم المبحث الثاني بعرض دور المثقفين والطلاب والمنظمات الكوردية في آكري في النضال السياسي بفترة (١٩٤٣-١٩٤٥) فقد عرض دور مثقفين آكري في النضال السياسي ونشر مبادئ حركة بارزان و الوعي القومي لدى الشعب ، كما وعرض هذا المبحث أبرز النشاطات السياسية للشخصيات ، الذين كان لهم دور واضح في تلك النشاطات السياسية.

**الكلمه المفاتحية**: عقرة- زيبار-بارزانى –مناضل-عشيرة –هجوم.

**The Role Of Akre In The Barzan Armed Movement (1943-1945)**

**Dilawar M Sadeeq Zebari**
Department Of History, College Of Arts, Salahadden University-Erbil
dilawar.sadeeq@su.edu.krd

**Abstract**

The Akre district was in the struggle as an important and strategic area in the history of the Liberation Movement of Kurdish nation. A stage from (1943) to (1945) was one of the important stages for the Akre city. This stage was known as the most important stages of the liberation movements. In this period Akre city became the conflict center between the revolutionaries and the Iraqi government. It had a major role in resolving events in this period of history. This research deals with the role of Akre in Barzan Armed Movement (1943-1945).
This research organized into two main parts and a preface. The preface is a short explanation of the geography of the Akre city, its name through different stages of history, and also talks about its role in the Liberation Movement of Kurdish nation before the Barzan Armed Movement in 1943. The first part is devoted to explain the role of the residents of Akre in the Barzan Armed Movement (1943-1945). It is focused on the participation of the people of Akre from both the military point of view and providing supplies. It also focused of the positive and negative attitudes of the tribal leaders of Akre, and the most prominent military activities against the Iraqi government. The second part is concerned to present the role of the Kurdish intellectuals, students and organizations of Akre in the political struggle during the period (1943-1945). According to the scientific resources, Akre had a clear role in those political activities.

**Key word**: Akre -Zebar- Revolutionery –Barzani - Tribal -Attack